# هێلانەیەك
# لە پەشمەك

سەلام عومەر




**ناوی کتێب- هێلانەیەك لە پەشمەك**

**بابەت- شیعر**

**نووسینی- سەلام عومەر**

**پیت چنین-نووسەر**

**دیزاینی بەرگو ناوەرۆك-  هێرش مەغدید**

**چاپخانەی: ئازادی**

**نرخ:** 4000

**تیراژ:**500

**چاپی یەکەم** 2019

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان-هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی سپاردنی ( 99 ) ساڵی 2018ی پێدراوە**

**لەسەر ئەرکی رێکخراوی ئاشتی و ئازادی چاپکراوە**

# کچێک

**جیرانەکەمان کچێکی جوانی هەیە**
**لە خوێندن دەریان هێناوە**
**مۆبایلی نیەو**
**ناشتوانێ بێتە بەر دەرگا**
**بەڵام**
**کە بابی دەچێتە مزگەوت**
**لە حەوشە گۆرانی دەڵێ**
**تا**
**کوڕانی گەڕەک گوێیان لێبێت.**
*** * ***
**کە لەژێر دەرگاوە**
**ئاو دەپرژێتە کۆڵان**
**دەزانم کچەکەیە.**
*** * ***
**هەر گوێی لە دەنگی من بێ**

بانگی دایکی دەکا
وەک بڵێ منیش هەم.
* * *

دایکی پۆشاکی بۆدەکڕێ
بۆیە کەسواری ئۆتۆمبێلەکەیان دەبن
دەڵێی دوانەن.
* * *

کوڕێکی گچکەم هەیە
کە تۆپەکەی دەکەوێتە ماڵیان
تا تێر ماچی نەکا نایداتەوە.
* * *

کەمیوانی پیاویان دێ
ئەو دەرناکەوێ
بەڵام کەڕۆیشتن
دەچێتە ژوری میوان
چونکە بۆنیان جێهێشتوە.
* * *

ئەو کچە حەزی زۆر لەخەوە
تا تێر خەیاڵ بێ.
* * *

**خوازبێنی زۆری هەیە**

**بەختی ئەو**

**هیچیان نوێژ ناکەن.**

*** 

**هەمیشە تینوویە**

**بەئاوی ماڵەوە تێر نابێ**

**حەزی**

**لە قومێک ئاوی دەرەوەیە.**

کەدایکم
گرێی هەنگوچکی کراسەکەی دەکردەوە
لەزەتی وەرگرتنی رۆژانەکەم
دەڕژاو
پەشمەکێک یان نوقڵێکم تامدەکرد،
ئێستا
لە چاوەڕوانی گرێکوێرەکانی حکومەتدا
زوو زوو بیری دایکم دەکەم
ئەو راستگۆ بوو
هەمیشە بەشی خۆشی دەدایەمە
ئاخر ئەو
نیشمانێک بوو لەیەکسانی.



**مـــــــــەم فڕێنە**
**باڵندەیـــــــەکی ماڵیم و**
**هێلانەیـــــــەکم شک نەبرد**
**بۆیـــــە لە دڵتـــــــا نیشتمەوە.**

# حەزێکی جیاواز

حەزناکەم پێت بڵێم کۆتر
یان هەر باڵندەیەکی تر
نەبا  بەقەدبڕدا بڕۆی
بەرز بفڕی
لەبیرت چێ
فرمێسکەکانی من بسڕی،
* * *

حەزیش ناکەم بڵێم ئاسک
یا هەر گیانلەبەرێکی ناسک
نەبا لەمن دوورکەویەوە
ئەوسا حەزی مەرگەوەڕێ
یاگوللەی تینووی راوکەرێ
بەجەستەی نیانتا تێپەڕێ.
* * *

**ناشتچوێنم بە ئاڵتوون یا کرستاڵ**
**یان هەنگوینی دوای خواردنەوەی**
**چایەکی تاڵ**
**ناشلێم خونچە**
**یان گوڵێکی پەمەیی کاڵ**
**نا تۆ هیچکام لەوانە نی**
**ئایندەمی و**
**تەنیا لەنێو دڵی منی.**
*** * ***
**ناویشت نابەم  بە چنار**
**نە بە خەزان نە بەبەهار**
**یان ناسکترین جۆری میوە**
**چونکە جوانی وەکو ئێوەم**
**لە سروشتدا نەبینیوە**
**چاوەڕێش مەکە بڵێم گوڵ**
**یا خونچەی ناسکی سەر چڵ**
**ئاخر نەبا**
**کەسێ لێتکاتەوەو بتبا.**
*** * ***
**هەرگیز ناڵێم پەپولەکەم**

لە دیدی من تۆ جوانتری
ناشڵێم پەمۆ
کاتێک
تۆ لەو نیانتری
قەت بەنوقڵیشت ناچوێنم
چونکە تۆ لەو شیرین تری
ئاسمان ،
بۆ تۆ هەر زۆر کەمە
لای من ئێجگار فراوان تری
کەسێکی تۆ
بۆمن بویتەتە سەرچاوە
بە ئایندەم
بەروناکی ئەو دوو چاوە.
* * *

بۆچی پێت بڵێم ئاوریشم
کاتێک تۆ درەوشاوەتری
ناشڵێم تاوس
تۆ جوانترو.....
هەر زۆر لێوەشاوەتری
ناشڵێم شلێرو گوڵە هەنار

**ئەوان وەرزین**
**خۆ تۆ زۆر گەشاوەتری**
**کەتۆ دێیتو**
**دەخزێیە ناو دڵ و دیدەم**
**بزر دەبم نامۆ دەبم**
**وەک دێوانەیەکی گەڕیدەم.**
*** * ***

**چراو خۆر بۆ تۆ زۆر کەمن**
**بۆیە ناتچوێنم بەوانە**
**پێشت ناڵێم گەلاوێژو**
**کاکێشان و حەوتەوانە**
*** * ***

**بۆ من روناکی تەنیا تۆی**
**چونکە وزەیەکی نادیاری**
**بۆ تۆ هیچ شتێ شک نابەم**
**بۆیە خۆم دەکەم بەدیاری**
*** * ***

**ئێستا لەدڵتا نیشتەجێم**
**باش جێگەی خۆم چێکردووە**
**ئامان هێلانەم تێک نەدەی**

روحی خۆم بۆت پێکردووە.

* * *


حەزیش ناکەم بڵێم دڵم
چوونکە چەندین جار شکاوە
ئاخر چاویش بۆتۆ کەمە
دڵۆپ دڵۆپ
بۆ نامەکانت تکاوە
باشتر وایە
تۆ خۆت بیت و
گیانی منیش بۆ خۆت بەری
ئەی نازانی
وەک نیانترین باڵندەو
ناسکترین گیانەوەرو
جوانترین گوڵ
هەموو ساتێ
بەناخمدا تێدەپەڕی.

**دەچمەوە منداڵیم**
**هەر لەبەر دەرگا خۆم دەتەکێنم**
**باغەڵم لە بەردەکان بەتاڵ دەکەم و**
**دارلاستیکەکەشم**
**لە ژێر تەنەکەی خۆڵەکە دادەنێم،**
**پانتۆڵە دڕاوەکەشم لە دایکم دەشارمەوەو**
**برینەکانی ناو لەپ و سەرچۆکم**
**بە تف تیمار دەکەم،**
**دەچمەوە منداڵیم**
**هەر لە حەوشە گڵینەکەوە**
**دایکم روخسارم دەخوێنێتەوە**
**دەمپشکنێ و**
**پانتۆڵە دڕاوەکەم دەبینێ**
**ئەویش لە بابمی دەشارێتەوە**
**رامدەکێشێتە ژوورێ**

**پینەیەکی گەورە لە پانتۆڵەکەم دەدا**
**ئێستا گەورە گەورە بووم**
**ئەو پینەیە کەوتۆتە سەر برینەکانم و**
**دایکم نەماوە تا بۆم بشارێتەوە.**

چیدی دڵت وەک بەرد نەبێ
گیانم لە نێو دەستتدایە
بەربێتەوە ورد ورد دەبێ
خۆتۆ پێشتر
بەچرپەی ناوم دەنوستی
ناشێ منت ونکردبێ
ناشێ ئەودڵەی پێم بەخشی
ئەنجن ئەنجنت کردبێ
نابا دڵت وەک بەرد نەبێ
هی منیش زۆر ناسک بووە
بەربێتەوە کەرت کەرت دەبێ.

**باران تەڕی نهێنیەکانی جەستەو**
**جوانییە ئەفسووناویەکان**
**نمایش دەکا،**
**تەڕی....**
**لەزەتەکانی حەز**
**ئاوێتەی بینین دەکاو**
**ئیدی چۆڕانەوەی ماچ و**
**لستنەوەی تۆ**
**لەنێو نیگاکاندا هەڵدەگرێ**
**بۆیە هەمیشەو**
**هەر بەباران وەرە.**



**ئاگات لێیە**
**هەنگی نیگات شیلەی سەرنجەکانم دەباو نامداتەوە**
**هەندێ جاریش**
**بەماچی حەزەکانمەوە دەداو**
**دەیەوێ تۆم بیرباتەوە**

**ئەمازۆنی**
**یان هیندییەکی سوور بوو پێی گوتم:**
**چوونکە چیاین**
**ئاشنای جەنگو....**
**راوەدوونانی یەکترن**
**ئەوە کڵاو و کەوانەکەم**
**بۆ وە باشە باوانەکەم.**

**بڕیار بوو بێی**
**لە شەوی یەڵدادا بێیت و**
**بچۆڕێیتە ناو خەومەوە**
**چاوەڕێ بووم**
**نەهاتیت و**
**نە نامەیەکت رژاندە نێو هاندەکەم**
**زۆر تەنیام و...**
**بە قەد درێژی شەوی یەڵدا**
**بیرت دەکەم.**

ئیدی بە پەنجە ناسکەکانت
گوڵەکانی لاویەتیم مەژمێرە
پەلکەکانی با بردوونی،
خۆ هێشتا...
قەدی کامڵیم
چەند چڵێکی پێوە ماوە
بۆ جۆلانەی خۆشەویستیت.



**وەک مـــن مـــەبـــە**
**چونکە بێتۆ حەزم زۆر دەچێتە مردن**
**ئـــــاخر وەکــــــو منـــــــت لێبێ**
**ئـــــــــۆباڵـــــــی تۆم**
**دێتـــــە گەردن.**

پار، رۆژەکانمی هەڵوەراند
رەنگەکانی لێستاندم و
جوانیەکانیشی بۆخۆی برد،
پار، منی فڕێدایە ئەمساڵەوە
هێشتا لە گەرمی و
گرێکوێرەکانی پار دەترسم
ئەمساڵ
لەژێر سێبەری پاردا پاڵکەوتوە.

**بەفر بە پەنجەم دەکەوێ و**
**دڵم گەرم**
**گەرم گەرم دەبێتەوە**
**کرێوە لە پرچم ئاڵاوەو**
**کوڵمت نەرم**
**نەرم نەرم دەبێتەوە**
**کولوی ئەمساڵ بۆتۆنایەن**
**زریان پێمدەڵێ شەرمنن**
**ئەگەر هەندێ بەرلێوت کەوت**
**ئەوە ماچن**
**ماچی سپی سپی منن.**

**دڵێکی پەشمەکیم لایە**
**زۆر عەجولە**
**بەمن نەبێ بەکەسیدی داناکەسێ**
**بۆخۆی دایمێ.....**
**ئیدی بۆ بیدەمەوە خۆی**
**یان هەرکەسێ،**
**دڵی منیش**
**هەر لەناو دڵی ئەودا**
**خەریکی بارگە خستنە**
**بۆ ئایندە خەریکی خۆ ڕێکخستنە**
**بۆیە ئیدی...**
**نەکەس داوای دڵم بکاو..**
**نەچاویشم لەدڵی کەسە**
**ئەوەی لەلامە زۆر زۆرەو**
**نەک بۆ ئێرە**
**بۆتەمەنی ئەولاش  بەسە.**

**کەناوی تۆ دەخوێنمەوە**
**تک تک دەچۆڕێمە نێوان وشەکان و**
**دەتوێمەوە،**
**کەگوێم لەناوی تۆ دەبێ**
**نەرم نەرم دەبمە هەڵم و**
**دەبارێمە خەیاڵتەوە،**
**ئاخر من....**
**تەنها بۆتۆم و بەس**
**لەگەڵ خۆتا منت بردوو**
**زۆر حەز دەکەم نەمدەیتە کەس.**

**لەچرکەیەکدا بزر بووی**
**چەندین ساڵە دەگەڕێم و**
**ناتبینمەوە**
**ئاخر تەنیا یادەوەری و**
**بۆن و سێبەری منت نەبرد**
**ئایندەو دڵمت لەلایە**
**بۆم بێنەوە**
**هەرچی زووە**
**خۆت لەگەڵما رابێنەوە**
**لە چرکەیەکدا بزر بووی**
**هەر چرکەیەکو هیچیدی**
**تێنەگەیشتم**
**بۆچی کەوتنی فرمێسکو**
**قوڵپی هەنسکی منت نەدی!**

**خۆزگە بۆنت بەس بۆ من با**
**هەستت کردووە**
**جوڵەی شەماڵ و شنە با**
**دەپرژێتە گەردوونەوەو**
**بەبێ مەبەست**
**ئەوینی تۆ**
**بۆ ئەوانی دیکەش دەبا**
**ئیدی چیدی**
**خۆت مەخەرە بەر شنەی با**
**ئاخر نەبا**
**کەسێکیدی**
**بۆنەکانت بۆ خۆی ببا.**

دڵمنایە بڵێم مەیە
ئاخر هاتننت هۆکاری
گریەو فرمێسکی خامەیە
دڵمنایە بڵێم مەیە
نەهاتننت
بۆمن نوسینی جوانترین
ناسکو نیانترین چامەیە
دەتوانی بێی
بەڵام ئەگەر
لەنێو وشەکاندا دەرکەوتی
لێم نەرەنجێی.



**دەزانی تۆ**
**نۆتەی ئاوازێکی کوردی و**
**تەواوی ژێیەکانی دڵمت پساندووە**
**تابلۆیەکی سروشتیت و...**
**خۆت بەدیواری هەستی من ناساندووە**
**دەزانی تۆ...**
**خورپەیەکی**
**مەلی نیگاو**
**پەپولەی سەرنجەکانمت ترساندووە.**

**هێشتا نەورەسەکانی دەریا**
**ئاشنای کوێستانەکانی مە نین**
**مەچۆ ئەویٚ، با ون نەبی**
**وەک چۆن منیش**
**نامۆیەکی نێو پێدەشتی نیگاکانتم**
**باڵندەیەکی کوێستانی**
**نێو دەریاچەی هەڵەکانتم.**

**هەناسەیەک هی خۆم نەبوو**
**هاتوو....**
**دڵمی لەگەڵ خۆی برد،**
**شنەیەکی شێدار وەکو**
**لێزمەی باران**
**نا**
**وەک لافاو**
**هەستمی دزی و سڕی کردم،**
**ئێستا لەنێو خۆما ونو**
**لەنێو تۆشا گەلێ بزێو**
**هەندێ جار لەدڵتا دەنووم**
**زۆر جارانیش لە بەینی لێو.**

**دڵێکم هەس**
**ئەویش مەبە**
**چونکە نەمبەخشیوەتە کەس**
**دڵێکم هەس**
**لێم بستێنی**
**پەیکەرێک دەمێنمەوەو بەس**
**ئاخر گوڵێ**
**هەمەو نیمە تەنها دڵێ.**



**تا سمۆرەی نامەکانت هەڵنەوەرن**
**هـــەرگیز گوێزی بیرەوەریم ناتەکێنم**
**ناشـمەوێ دیڕاوی دڵـــم**
**بەرەڵـــــــڵابێ**
**نـــەبا نهێنی بێـــــبەریـــــت**
**بـــــدرکێنم.**

**دڵمت بردو نەتدامەوە**
**وێنەیەکمان پێکەوە گرت**
**ئەویشت برد،**
**نامەم ناردو**
**وەڵامی ویشم وەرنەگرت**
**ناشێ هەست و نەستمت بوێ؟**
**پێم وانییە ئەمجارەیان**
**هیچکام لەوانەت دەسکەوێ.**

**دڵم مەبە**
**گوڵێک هەیە لێم زیز دەبێ**
**چاوێک هەیە بۆم دەگریا**
**هەروەک منیش**
**بۆ تەنیایت گریانم دێ،**
**تکا دەکەم.**

**نیگاکانت هێندە گەرمن**
**کاتێ دەکەوێتە سەر من**
**ئاوێتەیەک دروست دەبێ**
**پڕ لە نازو شیلەی شەرمن**
*** * ***
**چاوم کە دەکەوێتە سەر تۆ**
**دەبم بە تۆ**
**جەستەی ساردم**
**یەکپارچە دەبێتە پشکۆ**
*** * ***
**تا نەتەزم**
**نیگاکانت بۆمن کەمن**
**باشتر وایە**
**تۆش ببیە من.**

نیگاکانت
سەماو نمایشی سنگو پەنجەکانت
چەند نامەیەکی نهێنین
کۆدەکانیان
تەنیا بۆمن
تەنیا بەمن
بە کەسیدی ناکرێنەوە،
خەمەکانت
ئاوێتەی نێو هەنسکو فرمێسکەکانت
تەنیا بۆمن
تەنیا بەمن
بە کەسیدی ناسڕێنەوە.

**نەشت گەمێ**
**خۆ دەتوانم لەنێو ئەکاونتەکەتدا**
**تێر بڕوانم**
**سەرنجێ لە وێنەکان دەم و**
**لایکێ**
**یا نیگایان دەمێ.**

**پرچی تۆو دەستەکانی من**
**زۆر لەیەکتری دەچن**
**پرچی تۆ با دەیلەرێنێ و**
**دەستی منیش کشانی تەمەن**
**عیشقی من و حەزی تۆ**
**زۆر لێکتری جیاوازن**
**لەبەر گۆڕانکاری زەمەن**
**تۆ ناسکو منیش پیاوێکی کامڵم**
**هەرچەندە تۆ بچوکتربی**
**بیرت نەچێ**
**منیش خاوەن هەست و دڵم.**

جوانیت با هەر بۆخۆت نەبێ
هەندێکی بۆ من بنێرە
نازەکانت
با چیدی لە شەنگیت لانەبا
بەتەنیایمی بسپێرە
ئاخر منیش...
سادەیی زۆرم لەلایە
بەشت دەدەم
زۆرینەیم بۆ داناوی
بۆم بنێرە
کەمێ لە جوانیت بنێرە
بۆ وەستاوی؟

**کە دڵم بەردەبێتەوە**
**دەکەوێتە نێو دڵتەوە**
**بیبە بۆ خۆت،**
**کە دەگریم....**
**چاوم لەگەڵ فرمێسکەکانم دەڕژێ**
**دەچۆڕێتە نێو تەماشات**
**بیخۆرەوە،**
**روحم لەنێو کەزیەکانت**
**هێلانەی چێکردووە**
**ئەویش بۆتۆ**
**دەبا ئەویش**
**بچێتە سەر تەمەنی تۆ**

**ئیدی....**
**بەدووی مانای خەونەکان ناکەوم**
**ئومێدەکان هەڵیش وەرن**
**کۆیان ناکەمەوە**
**چونکە**
**خەم لە رژانی ئەستێرەکان ناخۆم.**

**چومە ئاسمان**
**ئەستێرەی بەختم وەریبوو**
**جگە لە مانگ هیچ جیرانێکی دیم نەدیت،**
**چومە ناخی زەویەوە**
**دایکم چاوەڕێی دەکردم،**
**لەوێش باوکم**
**نوێژی تەنها بۆخۆی دەکرد،**
**دەیان ساڵە لەزەوی پیاسە دەکەم**
**جگە لەنیشتمانی مە**
**هیچ تەلبەندێکی کەم نەدی،**
**بۆیە شارەزای گەردوون نیم.**

خۆ ئازارەکان رابووردن
ئەی تۆ نەبووی
دڵمت پڕکرد لە لێبووردن؟
بۆ پێتوایە ئێستا وانیم
دەمارگیرێکی سەخت و
وەک فیشەکە شێتەو ئەتۆمم
نا زۆر هەڵەی
دوێنێ چۆن بووم
ئێستاکەش هەر وەکو خۆمم.

**هیچ ناوەستم تا بەیانی**
**نا مەرحەبایشت ناکەم**
**خۆتۆ ئیدی.....**
**بۆ من نیت و بە تەنیانی،**
**کە ویستیشت بمبینیەوە**
**برۆ ناو فەیس بووکەکەم**
**چاک دەزانی چەندە بیری**
**ئێستاو رابردووی تۆ دەکەم**
**حاڵی دەبی**
**بۆچی مەرحەبایت ناکەم.**

حەزەکانی منت بردو
هیچیانت بۆ نەناردمەوە
هەنسکەکانمت فڕێداو
دواتر خۆشت لێشاردمەوە
* * *
تەنیا فرمێسکەکانم ماون
با هەر لەلات بمێننەوە
بەڵکو کەمێک لە توڕەییو
بێزاری تۆ بتوێننەوە



**ئەمشەو**
**پێنج پیاوی کەڵگەت هاتنە پرسەکەم**
**هەر هەمووومان لەبەریان هەستاین**
**ئێستا من**
**پرسەیەکی دەسەڵات قەرزارم**

**هەتاکو دێ**
**لێکدی نزیکتر دەبین و**
**کەچی هیچم پێنییە بۆ گوتن**

**نهێنیەکانی تەماشات**
**ئاشکرابوون**
**تۆش هیچ ناڵێی**

**تێک ئاڵانی پەنجەکانمان**
**درکاندن بوو**
**بۆیە هەر هیچ هیچم نەگوت.**

**نیگاکانت مەستی کردم**
**نیانی تۆ**
**بەبێ دەنگی ماتی کردم.**

**تەواو لەیەکتری گەشتین**
**نەک هەر نزیک**
**ئاوێتەش بووین.**

**عیشق دروستکراوی چین نییە**
**تەمەن کورت بێ**
**سەنگەر گۆڕین و بەرژەوەندی کەسیش نییە**
**لە بیر بکرێن**
**ورگیش نییە**
**کە پڕ بوو ئیشتیای نەمێنێ،**
**سیاسیش نییە**
**بۆ گەیشتن زمانی بستێ دەربهێنێ،**
**عیشق**
**پێشمەرگەی سەنگەرە**
**عیشق لەنێو دڵدا دەکوڵێ و**
**بەرگی دڵسۆزی لەبەرە.**

**باسێبەری هەور**
**چۆن حەز دەکات شەقامەکانی شار تاریک بکا**
**روناکیەک لەنیشتمان دەردەکەوێ**
**باران با هەر لە ڕژان نەوەستێ**
**ئاوێزەیەک لە ئاسۆی شارەوە**
**ڕەنگەکان پەخش دەکا**
**ئاخر ئەمرۆ**
**لە باغی شار ژوانم هەیە...**

**شوێنێک پێدەزانم**
**نە مەیخانەیەو**
**نە ڕوباری شەڕابیشی لێیە**
**کەچی بچیەوێ مەست مەست دەبی**
**ئەو شوێنە دوکانی عەتر نییە**
**باخچەی گوڵو**
**پۆلی سێی ناوەندی کچانیش نییە**
**بەڵام بۆنی بەهەشتی لێدێ**
**ئەوێ**
**هەموان هەیانە من نەبێ**
**ئەوێ**
**باوەشی دایکە.**

دایکم نزای دەکرد تا...
نەچمە دۆزەخ
بۆیە لچکێکم بۆ هاوسەرەکەم کڕی
تا خودا
لە گوناهەکانی دایکم خۆش بێ
هێشتا نەمردووم
کەچی چەندین جار دۆزەخم دی
بۆیە ئیدی
لچکەکە دەسوتێنم.

پێشتر
تۆ بارانت پێناساندم
کە دەهاتی...
بە تەنیا منت تەڕدەکرد،
*    *    *

ئێستا
کە لەگەڵ بەفرا دەباری
سروشت و هەموان تەڕ دەکەی
جگە لەمن!
*    *    *

ئاخر بێ تۆ
وشکو تینووم
تانەباری تەڕ نابمەوە.

**نازانم تۆ.....!**
**هەستی خامەی**
**یان فرمێسکی شمشاڵ و نەی**
**بڵێ کامەی؟**
**دەزانی تۆ.......**
**خوێنی منت**
**لەنێو گۆزەی سینەی خۆتا**
**کردۆتە مەی**
**ئیدی مەستی شلی تۆم و**
**بۆ من ناسکترین چامەی.**

**لێت گەڕام و......**

**کاتێ ویستم بتدۆزمەوە**

**تەنها لایکێکم بۆناردی**

**تۆش ڕێژنەیەک لە فرمێسکو حیکایەتێک لە گلەیی**

**لێم ببوورە**

**ئێستا نێوانی من و تۆ**

**وەک نهێنی سەربازیەو...**

**پڕ لەمین و هێڵی سوورە**

جانتام پڕکرد لە نیشتمان
پڕپڕمکرد لە بێتۆیی
تاهیچ نەبێ شەکەتی وێ
هەڵدەمە خاکی نامۆیی

جانتاکەم خاڵی بوو لەتۆ
لەو هەواڵانەی ئازاربوون
بەڵام دڵم بیرکردنەوەم
بۆ تۆ بۆ نیشتمان بێدار بوون

ئێستا جانتاکەم خاڵییەو
بەڵام دڵم زۆر پڕ بووە
هەستم بۆتۆ بۆ نیشمان
لەنامۆیدا سڕ بووە

**پیموابوو تۆ**
**بەناردنی نەستی برسیم ژێر بوویەوە**
**بۆیە هەستت بۆ راخستم**
**خۆ هێشتاکە**
**نازەکانتم هەر لەلایەو و نەمداویەوە**
**بۆچی دڵت لێداخستم.**

**لەبیرمە لە یەکتری دەچوین**

**من حەزم لە کولووە بەفرو**
**تۆش ڕەنگی ئەو**
**بارینی ئەو**
**تەنانەت نەرمی ئەویشت وەرگرتبوو،**
**هەر زۆر لە یەکتری دەچوین**
**چاوت دیبام**
**دەتزانی حەزم لەماچە**
**بۆیە کوڵمەو**
**هەندێ جار لێویشت دەهێنا،**
**بەڵام ئێستا**
**خۆت لە دووریم**
**تەنیایی خۆشت ڕاهێنا**
**نەک هەر لەمن**
**لە جارانی خۆشت ناچی**
**نە لە بەفرو**
**نە ڕابردوو و**
**ئیدی لە ئافرەتیش ناچی.**

**لە هەوردا گریانی دایکم دەبینم**
**بۆیە کە دەڕژێ**
**من و خاک شلدەبینەوە،**
**لافاو**
**لە تووڕەیی بابم دەچێ**
**کە شەپۆل دەدا**
**من و شار دەلەرزین و**
**ڕەنگی خاک وەردەگرین.**

تــا
رەگی بزر بوونم نەپچڕێ
نیازم نییە
توێکڵی خاک هەڵدەمەوە،
ئاخر
خانەو دەمارەکانی مەش
هەر لەوێدا شیدەبنەوە
بــا
شنە بین نەک رەشەبا.

**کە سێبەرەکانمان بەر یەکتری دەکەون**
**من، دەڕژێمە ناو شلبوونەوەت**
**تۆش، چاوت ناکەیتەوە،**
**لە پەرت بوونی تاریکیشدا**
**من،پەرچەم و ستیانە پیازیەکەت**
**تۆش،ئەلبومی کراسەکانم**
**هەڵدەدەیتەوە**
**کە سێبەرەکانمان بەر یەک دەکەون**
**من دەڕژێمە ناو شلبوونەوەت و**
**تۆش چاوت ناکەیتەوە،**
**ئەو خەوەی تۆ**
**قەت بێزارم ناکا**
**بۆیە هەمیشە بەئاگام.**

**تاڤگەکان**
**فرمێسکی نامۆ بوونن**
**بەسەر بێنازیدا دەڕژێن**
**ئاوێتەیەکن لە مەی**
**تا ئەوپەڕی مەست بوون**
**تاڤگەکان**
**هەمیشە قوڵپ دەدەن**
**زەوی دەدڕن و**
**خاک دەشۆنەوە**
**خۆبەهەڵدێرەکاندا دەکەن و**
**نیشتمان لە ئازادی سارد دەکەنەوە**
**سارد سارد.**

**بێدەنگی....**
**خەوێکی درێژخایەنەو**
**زوو دەمانگەیەنێتە پیری**
**پێدەچێ**
**بۆ ئایندە هەڵگیرابێ،**
**خەوتن....**
**ئامۆزای مردنەو**
**رابردوو دەهاوێتە خەونەوە**
**دوور نییە**
**بۆ سبەی لە گۆڕ نرابێ.**

**باش دەزانم**
**دەمرم و فرمێسکی ئەو ئازیزە نابینم**
**کەئێستا بۆم دەگری**
**شیدەبمەوەو**
**بەدیار سەردانی کەسێک**
**بۆگەن دەکەم،**
**دەمرم و....**
**ئەو خەندەیە نابینم کەژیانی دامێ**
**ئەو کەسە نابینمەوە**
**فێرە فرمێسکو**

**دواتر فێرە بزەی کردم**
**یان**
**لە هەرزەییەوە بۆ ئێرەی هێنام و**
**لێرەش ساڵەکان تەمەنم دەبەن و**
**بیرەوەریەکانیش دەمکەنە هەڵم،**
**هەڵمێک**
**نەدەبێتە باران**
**نە ئەو فرمێسکەی**
**رابردووم بۆ دەبینێتەوە،**
**ئیدی دەمرم و**
**لەشیبوونەوەمدا**
**نایەڵم بۆنی ناخۆش بێزارتان بکا.**

**قەت بە مەستی نەگریاوم**
**بەڵام لە نامۆیدا**
**فرمێسک**
**پێکەکەم پڕپڕ دەکا لە هەنسک.**

**بە کەوتنی پەیکەرەکان**
**پاساریەکان بە ئاسوودەیی چینە دەکەن و**
**چیدی کۆترەکان بەبەرزەفڕی**
**چاودێریمان ناکەن**
**تا کێوی قاف نەڕژێ**
**هەورەکان ناگرمێنن و**
**کانیاوەکان ناتەقنەوە،**
**خەریکە روبار**
**لە بۆسەی بەنداوەکاندا کۆدەبێتەوەو**
**دەبێتە هەڕەشە بۆ وشکە ساڵی.**

بێ مرووەتیت فێری کردم
نەیوەرێنم دڵۆپە ئەشکێ
تۆ وشکو رەق وەکو بەردی
بۆیە دڵی منیش ئەشکێ

هەموو نەستی خۆم پێبەخشی
نەمدەزانی زۆر بێ هەستی
هەر هیچ نەبا بۆ هاتنم
دەبوو لە جێگەی خۆت هەستی

ئیستا لەنێو تۆدا بزر
نامۆیەکی بێ رەگەزم
بۆیە ئیدی هەوڵدەدەم
پەنجەی پەشیمانیم نەگەزم



**لەژێر سویبان و**
**شەقامە کۆنەکانی شار**
**بۆنی رابردوومان دەکەم و**
**تۆش خەریکی هەڵگرتنەوەیانی،**
**چیدی تەنیابیمەهێڵە**
**نەبا منیش هەڵوەرێم و**
**کۆمکەیەوە.**

**لە پشت تۆوە**
**خەنجەرێک لە خاک دەچەقێنم**
**نوقورچێک لەوەی تەنیشتم دەدەم و**
**بۆڕیەکی دی ئاودیو دەکەم**
**دیاریەکیش**
**بۆ براوەی یەکەم ، ئەوەی هەر لەسوڵتان**
**دەچێ**
**دەنێرم،**
**هەر بەرەو روش**

**ئاگرێک لە من بەردەدەیو**
**ئەمیش لە سەر رێت دەوەستم و**
**پلان بۆ بەشکردنی ئەو میراتانە دادەنێم**
**کە هی خۆم نین،**
**لەپشت ئێوەوە**
**هەر بە خەنجەر**
**گۆڕێک بۆ فرەیی هەڵدەکەنم**
**گەمەیەکی دیش دەئاخنمە بنکەی فراوانەوە.**

**هەرخۆم نا....**
**ئەمشەو عارەبانەکەشم ناگەڕێتەوە،**
**چوونکە**
**لەنێو شەقامەکانی شاردا**
**داشقەکەم**
**بە کۆنە تفەنگێک گۆڕییەوە**
**ئێستا**
**پاسەوانی کۆنە ئایدیۆلۆژیاکانم و**
**ئیدی نەخۆم و**
**نە عارەبانەکەم**
**هەرگیز شار نابیننەوە.**

**کۆلارەیەک**
**بە پەڕەکانی ئابووری دروستکراوەو**
**لەنگەر ناگرێ**
**ئەم کۆلارە**
**بە بارانێک دەتوێتەوە**
**بایەکی توند بۆخۆی دەبا**
**بپچڕێ**
**جگە لە داوێکی باریک**
**کە دەئاڵێتە گەردنی**
**دەسەڵات**
**هیچی بەدەستەوە نامێنێ.**

**بەیەکەوە دەچینە ناو شاشەکان**
**من باسی راپەڕین و**
**تۆش هەر باسی خۆشەویستی**
**لە ستۆدیۆ دێینە دەرێ**
**من بێ هاوڕێ بێ پێشوازی**
**بۆتۆش سەدان نامەی ناسکو**
**دەیان داواو داخوازی.**

**نوقورچ لە رانی خاک دەدەم،**
**سیمای دەسەڵات مۆر دەبێ**
**تادێ موچوڕکی بێزاری**
**لەنێو شەقامدا زۆر دەبێ**

***     *     ***

**خورپەیەک لە مێشکم دەدا**
**جەستەی گەورەیەک دەکەوێ**
**بەر لە نزگرەی سەر مێز**
**ئایندە بە مەستی دەخەوێ**

**پێش ئەوەی**
**سەرنجم لەسەر بچووکبوونەوەی**
**سێبەرەکەت هەڵنیشێ**
**روناکییەک**
**ئەویشی بۆخۆی برد**
**ئاخر تۆ**
**بەفرێکی سپی بووی**
**بەر لەدۆخی شلی**
**بوویە هەڵم**
**وەک شەڕابێکی حەرام**
**نەخۆت خاوکردەوەو**
**نەمنیش مەست**
**ئێستا تۆ دەبی بە رابردوو**
**منیش  بەدووی بیرەوەریەکانەوە**
**خەریکە بزر دەبم.**

**کەسێک لەودیو شووشەی خەیاڵم**
**دانیشتوەو**
**خەریکی شوشتنەوەی رابردوویە**
**ئەو بەدیار سڕینەوەی تەمی من**
**لە تەنیایی دەگەڕێ و**
**شەڕ لەگەڵ ئاشتی دەکا،**
**کەسێک لەژێر سێبەری مندا**
**چاوەڕێی**
**ئاوا بوونی باڵندەکانی پاڕانەوەمەو**

**پێناچێ**
**لە بزرکردنی مندا**
**خۆی پێبدۆزرێتەوە،**
**ئاخر منیش بەدیار نیگرۆکردنەوەی**
**پەیفە ئاڵۆزکاوەکانی**
**خەریکە لەبیر دەچمەوە**
**کەسێکیش**
**خەریکی کێشانی**
**هێڵە تەریبەکانی تەمەنمانە،**
**کەسێک**
**لەشکانی شوشەکانی نەست ناترسێ**
**منیش هەگبەی خەیاڵم دەوەرێو**
**هیچم نامێنێ بۆ گوتن**
**هیچ هیچم نامێنێ بۆ دواتر.**

خەریکن شەمامەکانی بێستانی دڵم
دەهاوێتە روبارەوە
تا
هەتا بیابان بەدووی کەوم،
منیش چیدی بژاری کەڵە گیاکانی
ردێنم ناکەم
چونکە جۆگەیەک شک نابەم
بۆ ئاودان
هەورێکی تەڕ نابینم و
پێدەچێ
روبار قوتماندا

**هەمومان وەک شەمامەکان خلۆر کاتەوەو**
**بمانداتە دەست**
**شەپۆلە شێتەکانی بێئاگایی**
**لە کەنارێکی لماوی**
**شەمامەو**
**ئێوەو**
**من**
**وشککاتەوە**
**چونکە نە جۆگەیەک شک دەبەم و**
**نە هەوری تەڕ**
**کەچی روبارێک خەریکە دەمانبا.**

**بێئومێدی بانگم دەکا**
**نەک هەرناچم**
**دەچمە سوڕی متبوونەوەو**
**خۆم بێدەنگو بێهەست دەکەم**
**هەندێجاریش**
**قەدەر دەیەوێ هەڵمگرێ**
**بۆ وێش ناچم**
**پەنا دەبەمە بەر فۆدگاو**
**خۆمو بێئومێدی و قەدەر**
**مەست مەست دەکەم.**

کە جەنگ دەڕژێ
جوانیەکان نقوم دەبن
ئاشتی لە تەنکاودا دەکەوێ
هەتاو خۆیدەشاریتەوەو
تۆش نایەی،
کە جەنگ دەڕژێ
فرمێسکی وشەی من و
خوێنی کوڵمەکانی تۆ
بەسیمای شەپۆلەکاندا دەپژێ،
کە جەنگ دەڕژێ
ژوانەکان دەخنکێن
تۆش نایەی
تۆ
بۆ سڕکردنی جەنگ
خەریکی گۆرانی
خەریکی لایلایەی.

مندالٚیم مەلەوان نەبوو
روبارێک بۆخۆی برد
لاویەتیم لەشار یاخی بوو
ئایدیۆلۆژیا قوتیدا
دواتریش بەداسێ تاتۆی کرد
ئێستا لە پەنای پیریدا
خەریکە رابردووم دەکەوێ
مندالٚیش
مندالٚی و لاویەتیان لێم دەوێ.

گۆڕێک بە باڵای فرەیی
بۆ دیموکراتیەت هەڵدەکەنم
ئایدیۆلۆژیا تورە دەبێ
بۆیە منیش پێدەکەنم!

* * *

نەمامێک بۆ بە دەوڵەت بوون
لە باشوری وڵاتەکەم دەڕوێنم
چەند چاوێ مۆڕەم لێدەکەن
منیش بە دیکتاتۆریان دەچوێنم.

مردن بێرەدا رەتدەبێ
تۆش پێدەکەنی
مردن...
دەگەڕێتەوە خۆ لە شانم دەسوێ و
ئاورِ لەمن دەداتەوەو
فلوتێک بۆ تەنهایی تۆ دەژەنێ
تۆش هەر پێدەکەنی
مردن
چیدی چاوەڕێی بێدەنگی ناکات و
داهاتووم دەبا
تۆش
بە پێکەنینەوە رەتدەبی
تۆ......
پانتاییەکی لە پایز
تەنها لەخۆت دەچی!

**چاکسازی**
**کەڵەکە بوونی هەڵەکانی دوێنێیەو**
**تەنها**
**زەبەللاحەکان لێی دەترسن**
**دارمانی**
**وشکە کەڵەکەکانی گەندەڵییەو**
**لە چۆنییەتی**
**تەنها**
**دابەستەکان لێی دەپرسن**

دەبمە فیرعەون
چەند ئەهرامێک درووست دەکەم و
موچەی کرێکارەکانیش
مۆمیادەکەم،
دەبمە هیتلەر
ئەهرامەکان دەڕوخێنم و
تەواوی جومگەکانی وڵات
داگیر دەکەم
ئەوەندە نا.....
هاوڵاتیانیش سڕ دەکەم و
خۆشم تووشی فۆبیا دەکەم.

**دەسەڵات چیدی ئارایشت**
**لە سیمای حزب هەڵناسوێ**
**دێ و بە چیرۆکی توانەوە**
**زامی کۆنمان دێنێتە سوێ**
*** * ***

**ماسکی حکومەت و حزب**
**تورکیاو ئێرانن دەینێرن**
**حیکایەتی سەربەخۆ بوون**
**رایگەیەنن ئەگەر نێرن**
*** * ***

**دەزانن خەڵک ماندوویەو**
**چیاکانیش نرکەیان دێ**
**برسی بوون بەسیاسی بکەن**
**بەرپرسەکان فڕکەیان دێ.**

**شوێنێک پێدەزانم**
**لە کونە پێست دەچێ**
**هەموو بەهارێک ئازادی دەکەنە مەیرەو**
**لەوێی دەئاخنن**
**زستانانیش پێمان دەفرۆشنەوە**
**ئەو شوێنە**
**بەقەت ئەشکەوتێکی گەورە**
**رێک وەکو**
**دیوەخانێکی گەورە**
**چەندین سەر گەورە**
**مامەڵەیەکی چەور**
**بە پەنیری مەیرەوە دەکەن**
**مامەڵەیەکی چەور چەور.**



## ئەرمینیا

**باران لێرە**
**لەیەریفان**
**کوخێکی بەکرێ گرتوەو**
**بۆتە هاوڵاتی ئەرمەنی**
**لە سەفەردا**
**لاقێکی لێرە جێدێڵێ**
**دەستێکیشی ئاڵاندۆتە**
**یەک ملێۆن و نیو شەهیدو**

**ڕۆژانە دەیان شواتەوە**
**ئێستا باران**
**کچی گەورەی**
**خواوەندی خۆری ئێرەیە**
**ئێرەش بۆتە**
**دەستە خوشکی هەورەکان و کەکۆچ دەکا**
**بەر فرمێسکی ئەنفالی مەو**
**هۆڵۆکۆست و**
**هاونیشتمانی خۆی دەکەوێ.**

**ئیزراعیل:**
**من**
**چنگم نەخستۆتە نێو روحی ئازادیەکان و**
**هەرگیز شەقامم سور نەکردووە،**
**من**
**بەتەنێ هیچم پێناکرێ**
**ئەگەر ئێوەم لەگەڵ نەبن.**

پێش گەیشتن بەنهێنی دڵی تۆو...
ویستەکانت
پێش دۆزینەوەی مانای
کۆدی حەزو..
تێپەڕینی نیگاکانت
ئەمساڵیش رۆی
نەمدەزانی...؟
بێ پرس و ماڵئاوایی
دەمدەیتە دەستی تەنیایی
بێ ئاگابووم لەوەی تەنیا
لەزەتی ئەمساڵیش تۆی
روناکیەکەم
ئەمساڵیش رۆی.

2014

روبارێک پێدەزانم
دەڕژێتە حەوشەی ئەو فێلایانەی ئیمەنین
شەماڵێک دەناسم
بە شنەشن دێت و.....
حەزیلێیە کوێستانەکان بە بیابان کا
لرفە لرفی ئاگرێک دەبینم
لە چاوە سوور هەڵگەڕاوەکاندا کڵپەدەکا
ئاگرێک:
پێی دەڵێن دۆزەخی نیشتمان.

**بەیەکەوە**
**دەچین بۆ دەرەوەی شار**
**لەوێ**
**لەتەنیشت سیمەکان**
**ئەوسیمانەی تەلبەندی ژیانیانیان کردووە**
**دادەنیشین**
**تەنها بەدیار یەکترەوە**
**من بیر لە تۆو....**
**تۆش گۆرانیەکی نامۆ دەچڕی**
**گۆرانییەک**
**مەستم دەکاو دەمباتە نێو جوانیتەوە**

**هەر لەوێ...**
**رێک لەتەنیشت سیمەکان**
**ئاوێتەیەک لە من و تۆ**
**بۆنێک بەسروشتدا دەکا**
**سەرنجێک بۆ تەنیایی و**
**تەلبەند کردنی نیشتمان فڕێ دەدا.**

# رۆبۆت

**حەزمدەکرد بەر لەمردن**
**یاپێش کۆچ و .....**
**شیبوونەوە،**
**بەر لە توانەوەی جەستەو**
**بەهەڵمبوون لەژێر خاکو**
**پەرت بوونی بیر...**
**لە نێو زریان و رەشەبا**
**بەریەککەوتنی ئایدیۆلۆژیاو**
**تەکنەلۆژیام**
**بەهەردوو چاوی خۆم دیبا،**

***  *  ***

**پێشتر لەنێو ئایدیۆلۆژیا**
**چەپکێ گۆڕانکاریم دیتن**
**وەکو.....**
**وشەی دیمووکراتی و...**
**ئەزبەرکردنی فیدراڵی و**
**دەق بوون لەنێو یەک هزرداو**
**مانەوەش لەنێو یەک سەنگەر،**
**ئێستاش ئەگەر**
**بەر لە مردن**
**بەریەککەوتنی ئەو دووەم دیبا**
**بمزانیبا**
**تەکنەلۆژیای هزری رۆبۆت**
**لەجیاتی خۆت**
**دەتوانێ لە کۆنگرەکان و**
**دانووستان دەنگی هەبێ،**
**ریک وەکو مە...**
**مافی خۆ پاڵاوتن و**
**رەخنەو پێشنیاری هەبێ**
**یان هیچ نەبێ**
**وشەی دەوڵەت،**
**یان سەربەخۆییی کوردستان**

بکاتە یەک لە بڕگەکانی ناو دەستوور
ئەوسا وەک مۆم
یاخود وەکو
میمۆری خۆم خۆمم فۆرمات دەکرو
بەتاڵ دەبوومەوە لەخۆم.

*    *    *

تەکنەلۆژیا
یاخود رۆبۆت
ریێک لەبری ئایدیۆلۆژیا
گەر بتوانێ لەودیو پەیڕەو
هاوڕێ و
هەڤاڵ و
برای هەبێ
وەک کەسایەتیەکی ناسراو
دەنگو
سیماو
کۆمەڵێک جیاوازیە رای هەبێ
ئیدی ئەوسا کاکە رۆبۆت
لەجیاتی خۆت
ئەو دەسکەوتانەی سەرەوە
بەبێ شەڕو جیابوونەوە

**دەهێنێ بۆت،**

***    *    ***

**ئاخر بەر لەشیبوونەوەم**
**حەزم دەکرد**
**جەنگی نێوان تەکنەلۆژیاو ئایدیۆلۆژیام**
**هەر بدیبا**
**تاکو هزری ئەلکترۆنی و**
**فرۆکەی تیشکی**
**بەناخیشمدانەبێ**
**بەتەنیشتما تێپەڕیبا.**
**ئیدی حەزمە بەر لە مردن**
**یان بەر لە هەڵم بوونی جەستەم**
**منیان کردبا.....**
**بەرۆبۆت یا تەکنەلۆژیا**
**تا بمزانیبا هزری خۆم**
**تەنیا بۆ خۆم**
**یان هەر لەنێو ئایدیۆلۆژیا**
**تەنیا دەژیا؟**

# شیشۆق

شیشۆقێک
بە دەماری بیرەوەریەکانمەوە چەقیوەو
ئەو خەتخەتێنانەی بیربردوومەوە
کە وێنەی منداڵیمی کێشابوو
ئەو شیشۆقە
بەناو خەونەکاندا
بەری ئەو شاخوێنهێنەرانەی گرتووم
کە لەکۆکردنەوەی ساڵەکانی تۆ
رژابوونە بینینمەوە،
تادێ

**هۆنینەوەی ئەو وشانەم بیر دەباتەوە**
**کە بڕیار بوو بەر لەپیری**
**هەڵیاندەمە نێو سەبەتەی لاویتەوە،**
**ئاخر شیشۆقێکی دی**
**بەپەنجەکانی پاڕانەوەی تۆوە نوساوەو**
**لێناگەڕێ**
**کاسەپڕ شیرنیەکانی بوکێنیت**
**بگاتە ئەو ماڵۆچکانەی**
**بە وردە بەرد دروستمان دەکردن**
**لێناگەڕێ**
**شاباشەکان هەڵوەرێنە سەر شایی گەمانەکان و**
**لەژێر پێماندا بشکێن**
**تا**
**خەیاڵە شوشەیی و**
**خەونە کرستاڵەییەکانمان**
**نەبنە شیشۆق.**

# خەیاڵ

**هەر بە خەیاڵ**
**ئەو گوڵانەم دەوەراندن**
**کە رۆژانەو بە نهێنی**
**بۆ ئینجانەی....**
**روحی تینوومت دەناردن**
**هەر بەخەیاڵ**
**ئەو وێنانەم دەسووتاندن**
**کە بە ئیمێڵ یا فەیسبووک**
**لە سەر مێزی**
**ماڵی دڵم دەتوەستاندن**

**بە خەیاڵ و**
**بۆ هیچ مەبەستێکی دینا**
**پێمنا بەسەر**
**پشکۆیەکو**
**ساتێکی رەقی بەردینا**
**هەر ئەوەندەو نەمزانی بۆ؟**
**فرمێسکەکانم وەرین و**
**نامۆیی داگیری کردم**
**بەردەوام بام**
**خاتر جەمبە بە بێ تۆیی**
**لە نێو ئەم خەیاڵە دەمردم.**

## لەوێ نەبووی؟

**کە تۆم ناسی....**
**گەلێ نیان**
**نەرم نەرم وەکو پەشمەک**
**وەک شەونمی**
**سەر پەلکە گوڵی بەیانیان**
**جوانێکی زۆر بێ وێنە بووی**
**لە دووا نامە**
**خۆت گوتت دێم**

**کەچی هاتم و لەوێ نەبووی،**
**بۆیە هاتم**
**تەنهاو تەنها بتدوێنم**
**لە نێو نازی وشەکان و**
**لایلایەی تەنیایمدا**
**بتنوێنم،**
**بۆیە هاتم**
**شنەیەک لە زەردەخەنەو**
**بارانێک لە خەندەت دەمێ**
**هاتم رابردوو و داهاتووی**
**خۆمت دەمێ**
**کەچی هاتم و**
**بە تەنیا تۆ لەوێ نەبووی**
**بەداخەوە ئەمجارەیان**
**وەک بەڵێن و**
**تەنانەت هیچ کەسێ نەبووی.**

# بۆنی سیخۆ دەکەم

**کاتم نەبوو**
**دەنا پارچەی بۆمبەکانی دوێنێ**
**ئەوانەی وێرانیان کردین**
**لەگەڵ پارچەی کەسەکانم**
**دەخستنە ناو گونییەیەکو**
**پۆستم دەکرد،**
**لە سەریم دەنووسی ئاخۆ!**
**دەتوانن ئاسنەکان بۆمە بکەنەسیخۆ،**

**ئێسکەکانیش**
**کە رەش رەشن وەکو رەژوو**
**لەنێو مۆزەخانەی مۆسکۆ**
**بکەنە مێژوو؟**

# دەریا

**هەرچەندیش دوور بێ**
**بەڵام کەسە بێنازەکانی مە**
**هەر دەیگەنێ،**
**دەریا**
**لەناسنامە ناپرسێ**
**ئارامی خۆی**
**بە تووڕە بوونی لاو ناگۆڕێتەوە**
**بۆیە کەشێتی نەکەن**
**هەرگیز بەهارەکانی تەمەن قوت نادا،**
**دەریا**
**کانییەکی پڕ لەنهێنی گەردوونەو**
**تینواتی زەوی**

**بەباران دەشکێنێ**
**خەونێکە بۆ هەڵاتن و**
**بەردەوام دەڕژێتە ئەو ماڵانەی**
**لەنامۆیی دەترسن،**
**دەریا**
**چیرۆکی نقوم بوونی تایتانیک**
**لەسەر لمی ئەو کەنارانە دەنووسێتەوە**
**کە بۆتە گۆرستانی یاخییەکان،**
**دەریا**
**خەریکە دەبێتە جیرانمان و**
**ئیدی چیدی نەهەنگەکانی ئێرە**
**گەورەترین نابن.**

# داعش

**داعشم**
**لەنێو وەسیەت نامەیەکی کۆندا خوێندەوە**
**ئەو، هێمایەک بوو**
**لەنێو دوو کەوانەی مەزهەبەکان و**
**شمشێرێک بوو**
**بەدەست حەشدە ئێرانییەکانەوە،**
**حەشدم**
**لە ئەنتیکە خانەیەکی دیندا دیت،**
**ئەو، بەسەر پشتی ئەسپێکەوە**

**بەبەرگێکی ڕەش**
**ئاڵایەکی ڕەنگاورەنگو**
**شمشێرێکی دووسەر**
**لەنێو دوو کەوانەی وەسیەت نامەکەدا بوو**
**هەردووکیان**
**یەک پێناسەیان هەبوو**
**زۆر لەیەک دەچوون**
**زۆر زۆر.**

# نهێنی بێ....

تەنها بەینی من و تۆبێ
هەرچەند جار پێم دەڵێی شێتە
نوێ دەبمەوە
چونکە بەدڵ حەزم لێتە،
نهێنی بێ
ئەوەی دەیڵێم
بە تەنها بۆ خودی تۆیە
چیدی بەمن مەڵێ شێتە
نەبا شێت بم
چونکە نیازی دڵم وایە

**بۆ ئاینده**
**حەزمە لەنێو باوەشێتبم**
**ئەم نامەیە**
**تکایە زۆر نهێنییە**
**چونکە ئێستا لە نێو بیرما**
**جگە لە تۆ**
**هیچ جوانێکی کەی لێنییە.**

# پۆست

ویستم پۆستێک
تەنها پۆستێک
پڕ لە بۆنی
بۆنەکانی گوڵی نەورۆز
بۆ ئازیزێ....
یاخود دۆستێک
دابەزێنم،
بەڵام کەسێک....
تەنها کەس و فریاد ڕەسێک
کەشایەنی ئەو پۆستە بوو
پێشمەرگە بوو.

# خەون

**لە خەونمدا....**
**تۆ بەبەدلەیەکی پەمەیی**
**وەکو کرێم**
**وەک شیرینی**
**لە بەینی لێوم دەمەیی**
**لە خەونمدا...**
**منیش بە چاکەتێکی شین**
**بۆ ئاوێزان**
**یان بۆ پەنجەو کوڵمە گوشین**
**پەرچەمم بۆ چادەکردی**
**هەر بەتەنیا...**
**خۆم و خۆت و کەسی دی نا**

**بەرەو ئایندەم دەبردی**
**ئەوە تەنها لە خەودا بوو**
**لە خۆشترین...**
**وەنەوزی خەوی شەو دابوو**
**بڵێی ئەو خەونە بێتە دی؟**
**شەوێک بە بەدلەی بوکێنی**
**بۆ راموسان**
**لەنێو خەودا رامچڵەکێنی؟**

با
بایەک
پرچی ئاڵۆز کرد
نیگاکانم کەوتنە ناو گەردەلوولەوە
* *

سەرپۆشەکەی با بردی
بروسکەیەک
دڵی روناک کردمەوە
* *

با جوانیەکی پەرت کرد
منیشی هەڵدایە بەهەشتەوە
* *

ئاخر وشەیەکی زۆر باوە
مەترسییە
بکەویە نێو رەشەباوە
* *

با
با هەمیشە بێ.

تەنیا حەزێک....
که له وێستگەی تەنیایمدا
وەک چەتر بوو
له ناخمدا ئاشتبوونەوەو....
له نامۆیشدا تەنیا حەز
بۆ خۆتت برد،
تەنیا دڵێ
منی بە ئاینده سپارد
که دەوەریم
دەهات و کۆیدەکردمەوە
یان پێش رژان
دەیخواردمەوە
دیسان تەنیا دڵی تۆ بوو
کەچی هاتی
ئەویشت برد.

## تەڕبوون

باران هەناسەم دەداتێ و
وا هەستدەکەم
تەڕیەکەی تەنها بۆ منە
خۆ کەناریش
سەمایەکی بە موزیکەو....
زۆر هێمنە
بۆیە هەرگیز
شەپۆل و زریانی ناکاو
نەیترساندووم
قەتیش لافاو
لە روباری نەرەنجاندووم

**ئیدی حەزمە**
**بەر لە پیری....**
**یان گەیشتن بە پەڕپووتی**
**لە نێو زریان**
**یان**
**کەنارێکی بەشەپۆل**
**لەباوەشمدا تەڕت کەم**
**ئەو تەڕ بوونەی**
**دەمانگەیەنێتە رووتی.**

## خـــاخ

بەبێ مۆڵەت
رژامە نێو ناخی تینووت
بە بێ شەرم
دۆسیەکانم دەپشکنی
ئەوێ نەرم
نەرم
نەرم
بەڵام تەژی لە چۆڕاوگەی

**گومانێکی**
**گەرم**
**گەرم**
**هەر بێ مۆڵەت**
**تک**
**تک**
**دەچۆڕامە ئەوێ**
**تا هەر نەبێ**
**هەر هیچ نەبێ**
**لە ناختدا**
**نهێنی تۆو**
**ئایندەی خۆمم دەستکەوێ.**

# ڤالانتاین

**هەر رۆژێ بێ**
**یان لە هەر سات و کاتێ**
**بتبینم و.....**
**یان نامەو هەواڵتم بگاتێ**
**لێم ببوورە**
**بۆ من رۆژی ڤالانتاین و**
**رۆژی زەماوەندی دڵ و**
**دیاری و**

**چەپکە گوڵی سوورە،**
**هەر رۆژێ بێ**
**لە هەر سایت و ماڵپەڕێ**
**لە بری سڵاو**
**چەپکە ئەوینم نووسیوەو**
**بۆ داناوی**
**گەر لەمڕۆژەشدا بتبینم**
**لە بری گوڵ**
**تەنها دڵم بۆ هێناوی،**
**ئەمڕۆ ئیدی**
**رۆژی ڤالانتاینە**
**یان هەر بۆنەیەکی دی**
**چونکە تۆم هەی**
**بۆ من هەموو رۆژەکانی**
**هەر ئەوین و جۆش و خرۆشین**
**بۆ من هەموو ساتەکانی**
**تەنها خۆشین.**

## نــامە

**لەخوێندنەوەی نامە تێر بووم**
**حەز دەکەم یەکتری ببینین**
**باچیدی لەنێو وشەکان**
**نەڕژێینە نێو یەکترەوە**
**ئەم ئاوێتە....**
**لە فرمێسکو وشەی سواو**
**بوونەتە نامەیەکی باو**
**باشتر وایە**

وەک تارمایی
لە سینەمدا بتوێیەوەو
خۆ قوتارکەین لە تەنیایی
باشتر وایە
چۆڕ چۆڕ
بڕژێیتە نێو خوێنم
نەرم نەرم نەستەکانت
بە هەستی تینووم بدوێنم
هێند نزیک بی
یەک یەک پەنجەم
لەنێو پرچ و...
نێوانی سینەت بڕوێنم
لە خوێندنەوەی نامە تێر بووم
ئیدی بە جەستەی شلکو
تەڕایی لێوانت فێر بووم.

# ژوان

بۆیە هاتم
بۆیە بەسیمای نێرگزی و...
سڵاوێکی رەیحانەیی و...
دڵێکی پەپولەیی هاتم
تاوەک جاران
بۆ وەنەوشەی وشکەساڵیم
ببیە باران،

**که هاتمه لات...**
**هەر ستایلێ بی**
**ئەوروپی یاخود کلاسیک**
**ئەمن رازیم**
**بەڵام هەر خۆت**
**بەتەنها بۆن و بەرامەی**
**سروشتی خۆت**
**وەره ئامێزو پێشوازیم،**
**ئەمجاره بێی....**
**بەڵێن دەدەم**
**له ئازاری باوەش و**
**تەڕی ماچەکانم رابێی**
**ئیدی بۆیه ئەمجاره دێم**
**هەتا تۆ بێی**
**دەزانم تۆش**
**بۆ دیدارێکی رۆمانسی**
**نەرمو خامۆش...**
**گەلێ بەسوێی.**

# گوڵە ستێرە

**لەم دوورییە چەنێ گوڵە ستێرە هەن و**
**بەنەرمی بۆم دێنو دەچن،**
**بەدەر لەتۆ....**
**لەتەڕی هەناسەکانی تۆ...**
**پەپولەیەکم نەدیوە**
**هێندەی نیگات ....**
**پڕلەئایدیاو ئەفسوناوی**
**سەرنجێکو**

**نازو خەندەیەکم نەدی!**
**هێندەی باڵات**
**بەفەنتازیاو تەلیسماوی!**
**بۆیە لەدووریتا وێڵی**
**یادەوەرییەکی وەریوم**
**بەنێو هەناسەکانتا دێم**
**لەنسێتا دەنیشمەوە...**
**چونکە وەک کۆترێکی ون**
**لەنیشتمانم تەریوم**
**ئێستا لەگەڵ**
**گوڵەستێرەو پەروانەکان**
**نامۆین و**
**هەرلەهاتو چۆداین,**
**بەڵام لەیادتا وەک باران**
**وەکو تەرزە**
**بەسەرباڵاتا باریوم،**
***   *   ***
**لەنامۆیدا دەمرم و**
**تەنهاشتێ جێم نەهێڵێ**
**گوڵەستێرەن،**

ئەوان هەمیشە بەتەنیشت
سێبەرما لەهاتوچۆدان
هەندێ جار هەر لەتۆ دەچن...
زۆرجارانیش لەنیگات،
لەبزر بوونی ئەوانا ...
یان ئاوێتەبوونی دەنگمان
زۆرحەز دەکەم
پەنجەکانم...
بەپەنجەو پرچی تۆ بگات ،
بەخۆم نییە
حەزم لێیە...
دڵم هەرهەموو ناسکی و
بۆن و جوانییەکانت ببات،
* * *

بەونبوونی گوڵەستێرە
ئەوانەی هەر لەتۆ دەچن
دڵم دەڵێ:
بۆ تەنها جارێکیش بێت..
بابەناو شەرمتا تێپەڕم
بەناو خوێنتاو لەدڵتا بگیرسێمەوە...

**تاڵەنهێنییەکانی سووریت و ....**
**نمەی فرمێسکەکانت بگەم**
**یان هیچ نەبێ...**
**لەنێو شەرما**
**لەناوی ناوەوەی جوانیتا**
**گوڵەستێرە بێن و بچن**
**ئەوسا دەزانی نیگاو ...**
**شەرم و دووریت**
**لەئاست عیشقم چەن ملکەچن؟**

# ئەفسانە

ئێستا نیگاو....
سەرنجەکانت زۆر سادەن
وای بۆ دەچم!
بۆ خاڵیبوونەوە لە من
لە رابردوومان ئامادەن،
ناشێ منت لەبیر چووبێ ؟
یان چیرۆکی خواستەکانت
بەرووباری...
حەزی کەسێکی کەداچووبێ ؟
ئەگەر بەراست
دەتەوێ من
تەواوی سۆزو خەونی من
بکەی بەیاد یان رابردوو
وای بۆدەچم....
لەلای منیش زەمەنی تۆ
بەسەر چووبێ
دەزانی تۆ

**خەندەی مایکیا فیلیانەی تۆ ؟**
**بۆ بیر چوونەوە ئاسانە**
**چونکە هێشتا بۆ داهاتووم**
**بۆ رابردووی بە هەدەرچووم**
**نە ئەفسوونی و**
**نە ئەفسانە.**



# نیگا

ئەگەر شنە
یان بۆنێکی ئەفسوناوی
بە خەیاڵتا...
یان تەنیشتدا تێپەڕی
یاخود ئەگەر
تەزویەکی پڕ لەزەتی....
شلکو نیان و بارگاوی
بەنێو خوێن و...
دڵی کەویتا تێپەڕی
ئەوە نیگای سرکی منن
لەنێو تۆدا تواونەوەو
بەڵام وەک هەستەکانی تۆ
دیاردەیەکی
نامۆو ونن،
ئەگەر چاوت

یان گەردەن و لێوی خاوت
لە ناکاو بەر
نیگایەکی زۆر برسی کەوت
ئەوە عیشق و حەزو ماچن
تەنها بۆ تۆ
بەناو جەستەی ناسکی تۆ
بەلای کەسی دیدا ناچن.

# دڕکەزی

دڕکەزییەک
زەوییە بەیارەکان جێدەهێڵێ
خۆی بە سینگی دێمەکاریمەوە  هەڵدەواسێ و
گوڵە بەیبوونەکان بۆ خۆی دەبا
دڕکەزییەک
شۆڕبۆتەوە باخچەکانی ئومێدو
ئاڵاوەتە خەونەکانی لاویەتیم
لێناگەڕێ
بەر لەمردن
بەرهەمی دێراوەکانی نووسین و
بۆچونەکانی پیریەتیم بچنمەوە
دڕکەزییەک
خەریکە رەزی میوەی نیشتمان وشک دەکا
وشک...وشک
کاتی بژار کردنی
کاتی هەڵکەندنی زۆر نزیکە.

پلەی
هاوێنەی نێو کامیراکەم
هانیدام زۆرترین کات
ئاهەنگەکە لەبیر کەم و
بۆگرتنی جوڵەکانت
بەپێی حەزو ئارەزووم کەم
هانیدام تەنها کرۆشتنی لێوانی تۆو
نیگاو سەرنجەکان زووم کەم
کامێراکەم
وایلێکردم حەز بە ئاهەنگی موزیکو
ئۆکستراکەم،
وایلێکردم ببمە ستاند
چونکە لەگەڵ یەکەم گرتەو
یەکەم پلەی
هەموو جوڵەی منت وەستاند.

# تەمەن

**لە تەمەنی رابردووما**
**گەلێ کۆسپم تەیکردن و**
**زۆر جاریش دووژمنانی خاکم**
**لە یەکتری دابڕیون**
**لە گەلێ هەورازم داوەو**
**گەلێ جاریش**
**شەهید بوون و...**
**مەترسییە راستەقینەکان**
**بە تەنیشتما تێپەڕیون**
**بۆ گەیشتن بە هیواکان**
**هەمیشە لە کاروانی سەختی**
**تێکۆشان بووم**
**هەمیشە لەنێو سەنگەری**
**کوردایەتی و چینایەتی و**
**بەرخودان بووم.**

# سەردان

چومە نێو ماڵە کەتەوە
وێنەی خۆت و...
چەند گوڵێکی وەکو خۆت و
کۆمەڵێ وتەی وەرگیراو
تەواوی دیوارەکانی
داپۆشیبوو،
بە ماڵەکەتدا تێپەڕیم
تەنها وێنەو...
شیعرەکانی خۆمم لە ناویدا نەدی
بەڵام ئیدی
کە تۆ سەر لە ماڵی من دەی
وەکو هی خۆت
تەنها وێنەکانی خۆت

**لە گەڵ چەندین شیعر بۆ تۆ**
**بۆ خۆشەویستیت دەبینی**
**خۆ ئەگەر بێی**
**ئەوەندە نا**
**گەلێ زیاتریشی لێیە**
**بۆ داهاتووش گەلێ زیاتریشم پێیە**
**بۆیە ئیدی...**
**بۆمن...**
**بۆ ماڵەکەم**
**دەبیە تابلۆو شیعرێکی ئەبەدی.**

# تارمایی بیر

له بزربوونم مەترسه
وام لەنێو تارمایی بیرتا
کاتێ ویستت بمدۆزیەوە ،
ووریابە هەڵوێست بیرنەکەی
ووریابە ئەشک نە قۆزیەوە
*   *   *

کەبیر له من دەکەیتەوە ،
پەنجە بزێوەکانت شلکە
چونکە هەڵوەریومە بەینی
ئەو پەنجانەی خامە دەگرن
چونکە چۆڕاومەتە نێو ئەو ...
ووشانەی توێی نامە دەگرن .

*   *   *

**چۆنت وویست وا !..**
**لە زنجیرەی ووشەکاندا ڕیزم بکە**
**چونکە لە تارمایی بیرتام**
**ووردتر لەگەڵ .....**
**رستەکاندا بمجولێنە**
**چونکە نیگام ....**
**لە مەلی حەزی نێچیرتام**
**پێت وانەبێ !...**
**هەڵمەت بۆ نێچیری حەزت**
**تەکانی ناکاوی بوێ ...و**
**پێت ستەم بێ**
**لە هەستانتا بەری دیدەت**
**گێژەڵوکەی خەم و تەم بێ ،**
**وام لە تارمایی بیرتا ....**
**کاتێ وویستت بمدۆزیەوە**
**ووریابە ئەشک نەقۆزیەوە .**

***     *     ***

**ئەو نامەیەی**
**لە توێی دەستتدا دەلەرزێ**

**نەخشەی گەین ...**
**بە تروسکایی ئومێدە**
**لە بزربونم مەترسە**
**چیدی لەنێو وێنەکانا**
**سۆراغی بوونم مەپرسە ،**

***  *  ***

**حەزت لێیە بمدۆزیەوە**
**ویستتە لە ئامێزما شلبی**
**وام لە دەستا ...**
**دەی بە شانەی پەنجەکانت**
**پرچی ئاڵۆزم دابێنە**
**چونکە حەزمە لە گەڵتابم**
**ویستمە گشت دەم**
**لە مێزتابم .**

# ئیدی ناچم

**ئەمن لەوێم**
**وەک هەمیشە پێش تۆ لەوێم**
**ئیدی تۆ دێی**
**یان لە کات و شوێن دەڕەنجێی**
**من بە باران و بەسەرما**
**نەکو تەرزە**
**بەردیش بباریٚ بەسەرما**
**هەر کوێت بویٚ**
**وەک هەمیشە زۆر لە پێش تۆ**
**دێمە ئەویٚ**
**بەڵام ئەتۆ وەک پێویست نی**
**چونکە چەندین جارە دێم و**
**تۆ لەویٚ نی**

**خۆزگە دڵت قەت وانەبا**
**ئەی نازانی تۆ نەیەڵام**
**کەسێک دەبێ**
**ئەو دڵەی منیش بۆخۆی ببا.**

# ناسین

رۆژی چەند جار
دووا نامەی تۆ دەخوێنمەوە
پێدەچێت لە وەرزی وەرین
لە ساتی...
خلیسکانی هەست و
لەرەی دڵێکی پڕ برین
دووا فرمێسکت
ئاوێتە بە....
پرتەی لێو و....
جوینەوەی گریەو هەنسکت
ئەو نامەیەت بۆ نووسیبم
ئاخر هێشتا یەکەم نامە
کە لەوەرزی
کرانەوەی خونچەکانا ناردت
هەر لەلامە،
یەکەم رستە
ملوانکەیەک بوو لە وشە

سەمایەک بوو
بە بێ بەستە
ئیدی قەت لەخۆت نەپرسی
بۆچی ئەم نامەیەت نووسی؟
رۆژی چەند جار
دووا نامەی تۆ دەخوێنمەوە
رۆژی چەند جار
دێڕەکانی
لە دێراوی یەکەم نامە دەتوێنمەوە
تێنەگەیشتم
دووا نامەت چۆن؟
لە ژێر کام فشار نووسیوە
دیارە هێشتا...
هەر بەنامە!
ئەگەرنا منت نەناسیوە.

# لێو

1------

**نەرم بەسەر سینگما بتکێ**
**با دڵم وەخەبەر نەیات ...**
**وورد پەنجەت بە ڕدێتما بێنە .**
**بابۆسەی چاو ...**
**نەتکا بە نیشانەی نیگا**
**لێوم ئیشکە**
**گرنگ نییە ئەگەر جارجار**
**تەڕایی لێوتی پێ بگا !...**

-2-

دەستم بۆ توێڵی دوگمەت خزی
ڕانەچلەکی !...
تێر بۆنم کرد
گەردنو جوت مەمکو کەزی
نزیکتر بووی،
لە ئامێزما !..
سێبەر بووە کە سێکوتۆ
نەرم تر بووی !...
لێوم نزیک لێوت بۆوە
ترازایت ....و
سوور بویتەوە و
گەرمتر بووی .

-3-

بێ یەک ناژین
کە گەرمایی پەنجەت بەردەستم دەکەوێ
خۆم دەزانم
دەمارو خوێن چۆن هەڵدەچێ ؟
کە گەرمایی پەنجەم بەر سینگت دەکەوێ
خۆت دەزانی لە شلبونتا

**تەزوو بەرەو کوێ ڕۆدەچێ ،**
**ئا بەم تەرزە بێیەک ناژین ،**
**بێ ئامێزوو**
**بۆنکردن و پەنجە گوشین**
**دڵ ناسرەوێ ،**
**بەس خوانەکا جارێ لێوم**
**بەر تەڕایی لێوت کەوێ،**

1988

# رەنجان

بڕیار بوو بێی...
وەکو کولووی بەفر بێیت و
لەگەڵ ئایندەما بدوێی
بڕیاربوو بێی...
گەرمی جەستەم بۆخۆت ببەی
بۆ هەتایە
لەگەڵما بی و...
بۆ دووبارەش لێم نەرەنجێی
چاوەڕێ بووم و نەهاتی
رابردوومانت وەراندوو
بە دووری و رەنجان راهاتی
ئاخر ئازیز بڕیار بوو بێی.

# هەشتاکان

**لە هەشتاکان ....**
**لە ترسناکترین زەمەن و**
**قۆناغەکانی تەمەنم**
**تەوژمی جەنگ**
**شەپۆلی ئایدیۆلۆژیای**
**رەنگاو رەنگ**
**تەواوی لاویەتیان بردم**
**فێرە دروشم**
**کۆبوونەوەی نهێنی و**
**هەڵواسینی وێنەی سەیری**

**سەرکردەکانیان دەکردم**
**لە زۆر گروپ هەڵیان بڕیم**
**هەر بەبڕیار**
**لەو شانەیان دادەنام و**
**لەویتریان لادەبردم**
**ئامێر نەبووم**
**کەچی کۆپی پێستیان کردم**
**زۆر سەیر بوو.....**
**لەم تەمەنە**
**ئەو دەستی و دەستیان پێکردم.**
*****
**لە هەشتاکان....**
**چەند جارێک دەستگیریان کردم**
**تەنها لەبەر**
**هاتن و هێشتنەوەی ردێنم**
**زۆر سەیر بوو...**
**هەر رۆژێ دوای ئازاد بوونم**
**دەمانچەیەکیان بۆ ناردم**
**منیش دەمخستە ژێر چۆغەو**
**هەندێ جاریش**

**ژێر پشدێنم.**

*****

**لە هەشتاکان.....**
**لە زەمەنی بێ کۆنفراس و**
**بێ هەڵبژاردن و راپرسی**
**زۆر سەیر بوو....**
**هیچ خۆشەویستییەک نەبوو**
**بۆ فێللای نێو مەزرەعەو**
**راکە راکی سەر کورسی.**

## ئیدی...

وەکو شنە...
وەکو گمەی کۆترێکی بەرزەفڕ
خۆتت ونکرد،
بەبەر چاوم
میمۆری نامەکانیشت
لەژێر پێتا ئەنجن کرد
ئاخر پێم وابوو وەک جاران
وەکو هەموو ژوانەکانی
ژێرسێبەرو
پیاسەی ئێوارەی دەم باران
ئەوەی دیتم تەنها نازە

هەردوای تاوێ
وەکو شنە...
وەکو کۆترێکی کەوی
وەک شەتاوێ
بۆ دیدەنیم گل دەبیەوە
لە باوەشما وەکو منداڵ
وەک هەموو نازەکانی دی
شل دەبیەوە
بەڵام ئەمجارەیان ئیدی
نە ناز
نە نامەو نەخەندە
هیچم نەدی
بەڵام ئەمجارەیان ئیدی.

# ئاشت بوونەوە

بۆیە هاتم
چونکە لەکردنەوەی کۆدو...
هەڵدانەوەی پەڕەی سپی و
ئاشتکردنەوەت
راهاتم،
ئیدی هاتووم
بە ئەزموونێکی زۆرەوە
بە نەخشەیەکی پەشمەکی
بۆ ئێستای تۆ و
تەواوی داهاتووم هاتووم،
تۆش دەتوانی بە خەندەیەک
یان درکاندنی وشەیەک
بۆهاتنم

**نوێم کەیتەوە**
**خۆ هەر هیچ نەبێ دەتوانی**
**بۆ چرکەیەک**
**لە باوەشتا**
**یان لە پرچی خاو و رەشتا**
**جێم کەیتەوە.**

# وون بوون

دەست مەخەرە نێو تەنیایم
یان بەنازت
سەرنجی یاخیم ڕاکێشی
من وا لەنێو
شیعرێکی ئاڵۆزدا وونم و
تۆش هەروا دوورو نزیک دێی
لە هاتنتا هیچ نابینم و
کە دەشچۆڕێیتە نێو شیعرم
نازانم کێی ؟

*		*		*

بێشک وەرە نێو بیرمەوە
چۆن دێی وەرە
بەس لە دەرگای ووشەم مەدە
چونکە پەیکی ووشەکانم

**چەکی دەستی بێزامنە**
**بەخەبەربێت زامدار دەبی**
**خۆ دەشزانی**
**زامی تۆ هەرزامی منە..**

***        *        ***

**دەزانم ژوانەو مەرگیشی تێدابێ دێی**
**دێی بەخێر بێی**
**بەڵام ئەگەر**
**ئیلهام جەستەی بەند کردبووم**
**ووشە نەیهێشت سەر هەڵبڕم**
**لێم نەڕەنجێی.**

***        *        ***

**دڵم نایە بڵێم مەیە**
**چونکە هاتنت هۆکاری**
**چریکەو فرمێسکی خامەیە ،**
**لە هاتنتا شیعرێ دەمرێ و**
**لە زیز بونیشتا شاعیرێ ،**
**کامیان بە لاتەوە نەنگە ؟**
**مەرگی ئازیز ،**
**یاخود کۆرپەی جەرگی منی**

**هەڵوەریو بە شیبای پایز.**

*     *     *

**لەنێو دوو هێڵی تەریبا**
**نامۆیەکم ڕێم لێ وونە ،**
**ئیلهام شنەیەکەو وێنە دەڕەتێنێ**
**ژوانیش ئەوا لە هاتنداو**
**خەریکە تۆزی تەنیایم بتەکێنێ**
**لە نێو ژوان و ژانێکا من**
**ڕێبواری ڕێی کاروان کوژەم**
**پاساری روح لە نیشتنداو**
**پەپولەی شیعریش هەڵفڕین**
**ئێوە بڵێن**
**پارچێک لە دڵم بترازێ**
**یان شیعرێکو**
**مەودایەک ووشە هەڵوەرین؟.**

کارخانەی نەسیجی موصل
25/8/1989

# هەناسەیەک بۆ نەورۆز

**گڕی ئامەدو...**
**بروسکەی نەورۆزی وێ**
**هەناسەی ئاگرینیان و**
**فڕێدانی بەردەکانم دی،**
**ئاڵای شاراوەی دیاربەکرو**
**فرمێسکە قەتیسەکانی کوردی**

**قامیشلی و...**
**مهابادو...**
**مەریوان و...**
**باریکە دووکەڵی لوتکەو**
**بناری چیاکانم دی،**
**لاوە پەرتەوازەکانی هەندەران و**
**کوردەکانی ناو لوبنان و**
**ئەستەمبوڵ و...**
**تاران و...**
**تەواوی دنیام دەدیتن،**
**بۆ نەورۆز وەک ئاگر وابوون**
**لەناخی هەر تاکێکیاندا**
**گیانی بەرەنگاربوونەوەو**
**خۆشەویستی نیشتمان و**
**ئازارێکی جێگیر هەبوو،**
**بەنێو دیمەنەکانا ڕەتبووم**
**گەڕامەوە ئەو ڕۆژانەی**
**وەک ئەوان بووین...**
**وەکو ئەوان**
**لەپەناوە،**

**بەدیار دەنگی زیرەکو**
**ئاگرێکی ئەفسوناوی**
**بەرەو لوتکە هەڵدەکشاین و**
**شاریشمان دەکردە ئاگر،**
**دەبوینە ئەو پشکۆیانەی**
**بەرەو ئێرەیان هێناین و**
**لێرەش شنەبای ئازادی**
**هەموی کردین بەخۆڵەمێش**
**نەئاگرماو...**
**نەگیانی نیشتمانی**
**نەهەڵکشان بەرەو لوتکەو**
**نەچوونە پێش،**
**بۆیە حەزم دەکرد منیش**
**لەئامەد یا قامشلی**
**بەردوو ئاگرم پێبایە**
**لەوێ بام و...**
**تێر تێر بەردم**
**بەداگیر کەران دابایە،**
**دڵم لەوێ و**
**لەناو دووکەڵ وپاشماوەی**

ئاگرەکاندا دەبرژێ
ئای کەچەندە حەزم لێ یە
وەک هەشتاکان....
وەک لاوەکانی دیاربەکر
لەپەناوە....
نەورۆزم پیرۆز کر
دایە.



**ناکەوم**
**تا هەڵمگریەوە**
**بەڵام دەڕژێمە خوێنتەوەو**
**دەچۆڕێمە نێو دڵتەوە**
**ئیدی**
**بۆت کۆناکرێمەوە.**

**فیزای مردن**
**هەڕلە قونسوڵخانەکان نین**
**ئەوە نییە سەدەیەکە**
**لە ڕەگەزنامەکانمان دەنووسن عیراقی.**

**درەنگ نییە....**
**بۆنی هەڵوێست لەنێو کۆڵە پشتەکان دێ**
**ئیدی کۆنە دۆستەکان و**
**بەرەکانی چیا کەوتن**
**ئیدی ماسک و**
**فەردە واژوی نێو هەگبەکان بەربوونەوە**
**درەنگ نییە**
**چونکە چیدی هاو سەنگەر بوون**
**هەر بۆ ئێوەی دەبەنگ نییە.**

فڵان قۆرتێکت بۆ لێدەداو
ئەتۆش تەڵەی بۆ دادەنێی
بەڵام هیچتان پێوە نابن
ئێوەش تۆڕێکی زەبەللاح
لەگەڵ چەندین شیرو تیر
بۆمە داوێن
ئێستا هەموو بووینە نێچیر.

**باچیدی خۆشەویستیم**
**لەنێو شەرابی بۆڵوەکان**
**کۆنتر نەبن،**
**خەریکە...**
**هێشووی بەهارەکانم دەبنە مێوژ.**

**خوایە وەتەن ئاواکەی.................**
**مامۆستایەک؛**
**کێ دەتوانێ تەواویکا ئەم رستەیە**
**قوتابییەک؛ سرکو ماران گەستەیە**
**هونەرمەندێک؛ پڕ بەندبێژو بەستەیە**
**پیرەپیاوێک؛ ئێستاکەش هەر ژێردەستەیە**
**حزبیەک؛ ئەو دەست دژی ئەو دەستەیە**
**فەرمانبەرێک؛لانەی پاشەکەوت و واستەیە**
**پزیشکێک؛ وەک نەخۆشی ناو جەستەیە**
**دنیادیتەیەک؛ پێشتر تارا ئەلعان ئاوەڵکراسی سەر رستەیە**
**مامۆستاکە؛ هەموی راستن چونکە**
**حوکمەت بێ پلان و ئاراستەیە.**

**منداڵیم کۆڵم لێنادا**
**ئەوجارەیان**
**دەستم پڕ لە خڕنوکەو دەبێ هەموان سپیکەمەوە**
**بە تەنیشت کانییە ژناندا دەڕۆم**
**دەچمە ژووریٚ**
**پڕە لە ژن**
**هەندێکیان لەنێو حەوزەکە روتوقوتن**
**زۆرینەشیان بێ سەرپۆشن**
**دوو سێیەکیان لە سەر ئاودەست**
**سمتیان سپی سپی دەچێتەوە**
**دەچریکێنن و خێرا خۆیان دادەپۆشن**
**باجیەکیش کەمنی دەناسی**
**چاوی گرتم و گوتی لێی گەڕێن بچووکە**

**برسییەتی........؟**
**ئەها دەستو باغەڵی پڕ لە خڕنووکە،**
**منداڵیم لەوێ بەربۆوە**
**سپیکردنەوەی خڕنوکیشم**
**بە توڕەیی نێو سپیەکانی کانیە ژنان لەبیرچۆوە.**
***   *   ***

**منداڵیم هەردوو گوێی گرتم**
**شولکێکی لێوەشاندم و**
**سمتو رانی شین کردمەوە**
**یەخەی گرتم**
**زللەیەکی تێسرەواندم و**
**برینی نیو سەدەی کولاندمەوە**
**هەر منداڵیم**
**شەقێکی لە گەورەیمداو**
**لاویەتیمی تواندەوە**
**منداڵیم هات**
**ئای گەورەیی چیم بەسەر هات؟**

**گۆزەی حەزم**
**بەئاوی کانی تۆ نەبێ**
**پڕ ئاو نابێ**
**ئینجانەکانی سنگی تۆش**
**بەختووکەی پەنجەم نەبێ**
**تێر ئاو نابێ**
**گۆزەم بەتاڵ**
**ئینجانەکانی تۆش تینوو**
**تانەخنکێین**
**وەرەو لە باوەشما بنوو.**

کە بە نەستما تێدەپەڕی
کەسایەتیەک دەبینم
پڕ لە شکۆ
کە دەتبینم و دەستم دەگری
خوێنم دەکوڵێ
جەستەم یەکپارچە دەبێتە
ژیلەو پشکۆ
سەیرە پەنجەکانت نابرژێ
خوێنی حەزم هەڵناچێت و
بە لێوی نیانتا ناپڕژێ؟

**کۆڕەو**
**کەوتنی تفەنگ و**
**خۆبەدەستەوەدانی ترس بوو**
**کەلتورێکی کۆنی ئێمەو**
**فۆکسی کامیراکانی ئەوان**
**مردنێکی هێواش و**
**هەستانەوەیەکی خێرا**
**کۆڕەو....**
**نەیدەزانی فیزا چییە**
**بۆیە سنورەکانی کەوتە ژێرپێ.**

# بۆ کاکم

**کاکم...**
**لای چەپی مردووە**
**نیوەکەیدی ماندوویەو**
**ژیان بەقورسی بەدوی خۆیدا رادەکێشێ**
**کاکم...**
**هاوڕێیەکی مردوی هەیە**
**هەمیشە بەیەکەوەن**
**زگی پێدەسوتێ و**
**هەرچی بخوا بەشی ئەویش دەدا**
**کاکم...**

**دوعای چاکبوونەوە بۆ مردن دەکا**
**بە تەیموم نوێژ دەکا**
**دەگریاو**
**ناڵە ناڵی ئەو**
**جگە لە خودا دەگاتە هەمومان**
**کاکم...**
**گلەیی لە خودا دەکا**
**مستێک لە کورسییە ماندوەکەی دەداو**
**هەمومان دەترسێنێ**
**هەمومان ناچاری پاڕانەوە دەکا**
**کاکم...**
**بەیانیەک مردو**
**نیوەی ژیایەوە**
**ئێستا ئەو**
**هاوڕێیەکی مردوی هەیە**
**حەزناکا لە گەڵی بڕوا**
**لایخۆی هێشتویەتیەوە**
**کاکم...**
**کەس وەکو کاکم مردن ناناسێ.**

**وەک لە مەملەکەتێکی گەورەبم**
**تا سەری کۆڵانەکە دەچم و**
**دەگەڕێمەوە ئەوشوێنەی لێوەی هاتم**
**لە ترسی بزر بوون**
**هەر هەتا ئەوێ دەچم**
**جیهانی من چەند هەنگاوێکە**
**بۆیە کەس بەدووم نەکەوێ**
**چونکە کەس وەکو من**
**حەوسەلەی دوبارە بوونەوەی نییە**
**وەک لە مەملەکەتێکی گەورەبم**
**تاسەری کۆڵانەکە دەچم و**
**رۆژێک دێت ناگەڕێمەوە**
**هەر بەڕاستی بزر دەبم**
**تکایە**
**کەس بەدووم نەکەوێ.**

**هەمو شارەکان قەڵایان هەیە**
**قەڵای جەنگ،**
**دیواری جەنگ**
**کە لە شورەی قەڵا دەچێ**
**دەوری فەرمانگەکانی داوە،**
**لوتکەی چیاکانیشمان**
**پڕن لە سەنگەری جەنگی،**
**سنورەکانیشمان**

**بەساتری جەنگ تەنراوە،**
**ئێمە لەناو جەنگێکی گەورەدا**
**لە دایک دەبین و دەشکوژرێین،**
**جەنگ**
**دەمانکاتە جەنگاوەرو تیرۆرست و**
**خۆشی بە ئێمە دەژیەنێ،**
**ئێمەی لە سەنگەرێکی گەورەدا عاسێ کردووە**
**جەنگ.**

**دڵی من هێلانەیەکی نەرمە**
**بۆ هەمیشە تیا بنوو**
**بۆ دەتۆرێی؟**
**ئاخر جگە لە باوەشت**
**ئارامگەیەکیدی شک نابەم**
**بگەڕێوە.**

**سالڵانێکی زۆر سیاسی بووم**
**ئەگەر درۆیەکم لە پیتە دەرچو**
**لێم ببورن.**

**کتێبێکی زۆرم خوێندەوە**
**سەرەتا ئەدەبی**
**دواتر سیاسی**
**خەریک بوو بێ ئەدەب بم.**

**بڕوانامەکەم بەپارە نەکڕیوە**
**بۆیە**
**حکومەت و هیچ کۆمپانیایەک**
**بە عانەیەک لێم ناکڕن.**

بومە بەفر
کلو کلو لەنێو پرچتدا توامەوە
بومە باران
دڵۆپ دڵۆپ بەسیماتدا چۆڕامەوە
بومە تەرزە
دەنک دەنک لەسینەتدا گیرسامەوە
ئێستا جەستەت
کەوتۆتە نێو باوەشی ئاو
باوەشی من
باوەشێکی نەرم و هێمن.

**بەچرپە کوڕەکەم پێی گوتم:**
**هیچ شتێکم نەبردووە**
**کەچی نزگرەم گرتووە،**
**بەڵام ئەوان**
**بەنهێنی شت دەبەن و**
**بەئاشکرا ئیدی وەردەگرن**
**کەچی نزرگرە ناگرن.**

**چیدی مەڕژێ**
**چەند بارانی چاوەکانت نمە بکات**
**هێندە گەڵای ڕۆژەکانم دەوەرێنێ و**
**وەک با دەیبات،**

**دەزانی گرمەو بروسکەی گەرمی نیگات**
**چڵەکانم دەسوتێنێ و**
**نزیکە بە قەدو ڕەگی**
**ئومێدەکانی من بگات،**
**چیدی مەڕژێ....**
**نەبا لافاوی فرمێسکت**
**هەڵمقەنێ و لولمبداو**
**تەواوی تەمەنم ببات،**
**چیدی مەڕژێ.**

# چیرۆک
# بەزمانی شیعر

مندالێک دەناسم دایکی نەماوە
باوکی هەمو خۆشەویستی خۆی دەداتێ
بەشی ناکا.
* *
کە هەواڵی دایکی دەپرسێ
پشتی تێدەکەن
تا فرمێسکەکان نەبینێ.
* *
کە لە کۆڵان دایکی منداڵان دەبینێ
دەڵێ ئەمیش هەمە
چونکە باوکم گوتی بۆتدێنمەوە.
* *
داکێکی نوێ

نوێ نوێیان بۆهێنا
ئەو داوای کۆنەکە دەکا.
* *

پێشتر لە باوەشی باوکی دەنوست
ئێستا بەتەنێیەو
میز بەخۆیدا دەکا.
* *

باوکی جلەکانی دەگۆڕێ
چونکە دایکە نوێیەکەی
بێزینایە.
* *

**دارگوێزم بۆیە خۆشدەوێ**
**بەگواستنەوەیان دەمرن**
**دڵی منیش هەروایە،**
**چیاکانیشم خۆشدەوێ**
**چوونکە کەس ناتوانێ بیانبا**
**بیری منیش هەروایە**
**هەربۆیە تۆشم خۆشدەوێ**
**دڵ و هەستم**
**بۆ تۆ وەک کێو**
**لانەی ئارامی و بڕوایە.**

دڵم لە جێی خۆی وەستاوە
بۆتە بەفر
بۆتە شەختە
بۆتە سە هۆڵ
ئیدی تەمای نییە بجولێ
نەبە بەستە
نەبە زوڕنا
نەبە دەهۆڵ،
هەستم دەڵێ: مەگەڕێوە بۆ رابردوو
ئەمڕۆش دەبێتە ئەزمونی
دوێنێیەکی بابردوو
نا من نەبووم
ئەوە دڵم بوو گوتی:
مەبە رۆبۆت
مەبە تووتی.

گریانێک چاوی تەڕکردووم
کەس نایا ژیرم کاتەوە
کچێ دڵی بۆخۆی بردووم
پێناچێ بێو بمداتەوە
* * *
ئەوەی تەنیایم ببینێ
دەزانێ وابڕوا دەمرم
نەدڵی خۆم دەبینمەوەو
نە ئەویش دێتە سەر قەبرم.

# زەوی لەرزە

حەزم دەکرد
لە بری کەوتنی ئەویٚ
تەنیا گیانی من فڕیبا
دڵم لە جێی خۆی وەستاباو
هەر بە تەنیا
چاوو پەنجەی من وەریبا
حەزم دەکرد
شمشێری ناحەزەکانمانو
دارو بەردی گوندە کەوتووەکانی ویٚ
هەر لاشەی منی بڕیبا
بەڵام لەرینەوەی زەویو
خاپوربوونی کرماشانو
نیشتمانەکەم نەدیبا

**ئێستاش دڵم لەلای وانە**
**لە زەهاوی**
**دەربەندیخان**
**خاکو خۆڵی نیشتمانە**
**ئێستاش چاوم لە وەرینو**
**هەستەکانم پڕ برین و**
**دڵم خەریکی وەستانە**
**گیانم قوربانی ئەوێو**
**کەلاوە جێماوەکان و**
**تۆزو خۆڵی کوردستانە.**

**کە دایکم بەرگری لە ئێمە دەکرد**
**باوکم توڕەتر دەبوو،**

**کە دەگریاین**
**دایکم خەمی دەخواردوو**
**ئەویش ئارام دەبۆوە،**

**کە باوکم پێدەکەنی**
**هەمومان خەنی دەبووین**
**کە ئێمە پێدەکەنین**
**باوکم بێدەنگی دەکردین،**

**کەسێک**
**بەهەڵە نامەی بۆناردم**
**واینوسی بوو**
**کەماچت کردم و راتگوشیم**
**شلبومەوەو چاوەکانم کەوتنە سەریەک**
**حەزمدەکرد**
**وردە وردە بتوێمەوەو**
**لە باوەشتا روت ببمەوە،**
**حەزمدەکرد**
**برژێیە هەناومەوەو**
**بخلیسکێیە نێو دەممەوە،**
**کەسێک**
**بەهەڵە ئەو نامەیەی نارد**
**من بەڕاستی لێوی خۆم خوارد.**

# بۆ عەزیز محەممەد

لە ماتەمینی شکۆی پیاوێکدا
هەولێر لەوێ بوو
دەستێکی لەسەر دڵی و
ئەویدیشی بەچاویەوە بوو،
لە ماتەمینی شکۆی پیاوێکدا
گیانێک لەوێ بوو
چاوێکی لەسەر نیشتمان و
ئەویدیشی لەسەر هەموان،
لەماتەمینی تۆدا گەورەم
هەمو لەوێ بوون
ئەوانەش

**کە دەمێک بوو نەتدیبوون**
**دەستێکیان لەسەر دڵیان و**
**ئەویدیشیان بە چاویانەوە بوو،**
**لە ماتەمینی تۆدابوو هاوڕێ.**

**منداڵێک لە چاوەڕوانی باوکیدا دەنوێ،**
**باوکێک لە پشتەوە خەنجەری لێدەدرێ،**
**منداڵەکە بەخەبەر دێ،**
**باوکەکەش نەگەڕاوەتەوە،**
**منداڵێک هێشتا بەرگی قوتابخانەی بۆ نەکڕدراوە،**
**باوکێک هێشتا کفنەکەی سور سورە،**
**منداڵێک لە چاوەڕوانیدایەو**
**باوکێکیش قەت ناگەڕێتەوە.**

هاوڕێکەم
کرێکاریدەکاو زۆر ماندویە
بڕوانامەکەشی لەماڵەوە خەوتووە،
* *

برای هاوڕێکەم
وازی لە خوێندن هێناوە
دەڵێ با وەکو ویم لێنەیا،
* *

کچە هاوڕێکەی کۆلیژی
حەزیلێیە بێتە داوای
ئەویش دەڵێ بابمە وەستا،
* *

حوکمەتی هاوڕێکەم
سەرقاڵی بازرگانییە
بۆیە ئاگای لەو نەماوە.

# نیشتمان

وەک کچێکی بێکەس
دایانە چوار پیاو
نیشتمانەکەم
*    *    *

کە داوای جیابوونەوە دەکا
لەسەر میراتەکەی پێکنایەن
بۆیە دەستبەرداری نابن
*    *    *

ئێستا پیر بووە
گۆچانیشی بەدەستەوە
هەر لەماڵە خەزوورانە
*    *    *

کە هەوڵی ماڵی خۆیدەدا
چونکە پیرانە بیر دەکاتەوە
دەڵێن جارێ زووە
*    *    *

**منداڵی زۆری هەن**
**حەزیان لە خانوێکی گەورەیە**
**تا دایکیشیان بەرنە لایخۆیان**
**بەڵام پێکنایەن**

***      *      ***

**هەندێک لە منداڵەکانی**
**دامەزراون و شوێنیان گەرمە**
**بۆیە بیر**
**لە سەربەخۆیی ناکەنەوە**

***      *      ***

**نیشتمانەکەم**
**لەوەتەی هەیە کرێچییە**
**تازە پێی تەرک ناکرێ.**

ئەمڕۆ زۆر لە دوێنێ دەچوو
پێدەچێ سبەینێش هەروابێ
تادێ ڕۆژەکان کورت دەبن
دەترسم هەمیشە ئاوابێ
*　　*　　*

هەندێ جار تاریکی جوانە
کاتێ خۆر لەخۆی بابیە
بۆیە لە نهێنی ڕەش دەگەم
چوونکە سپی بۆ تەبابیە
*　　*　　*

ئەمڕۆ زۆر لە دوێنێ دەچێ
هەروەکو ڕۆژەکانی دی
جگە لە خەوێکی درێژخایەن
هەستانەوەیەکی نوێم نەدی.

**خەتای پایز نییە کاتێ**
**دەبینن من لە وەرینم**
**هەر لە بەهارەوە وشکو**
**قەدێکی پڕ لە برینم**
*** * ***
**کەسێ لقەکانم دەباو**
**ئەویدی باڵام دەشکێنێ**
**دوژمن دێراوم قوت دەداو**
**براکەم تەور دەوەشێنێ**
*** * ***
**خەتای پایز نییە وشکم**
**خۆم پایزم بۆ خۆم هێنا**
**هەر لە زەمەنی کۆچەریەوە**
**خۆم لە ژێر دەستی راهێنا**

**هێشتا هەندێ نهێنی هەن**
**لەنێو دڵمدا چەقیون**

**هەندێ وشەی گوللە ئاسا**
**لە ناخمان و نەتەقیون**
*** * ***

**نامەوێ بیدەمە ئێوە**
**نەکو دڵی ئێوەش پڕبێ**
**نەبا ئەو نهێنیەی لامە**
**بۆ ئێوە زۆر کتوپڕبێ**
*** * ***

**هەندێ روداو هەن زیندوون و**
**وازوو نابن بەڕابردوو**
**هەروەکو ئەو وەدووکەوتنەی**
**پێی دەڵێن کڵاوی بابردوو**
*** * ***

**هێشتا هەندێ نهێنی هەن**
**دوور نییە ئێوەش هەتان بێ**
**وەکو خیانەتی دوا شکست**
**لەنێو دەمارو دڵتان بێ.**

هەروەک ئەوەی
نە نیشتمان کەوتبێ
نە دڵی کەسیش رزیبێ
وەکو ئەوەی
نە بستێ خاک هەڵوەریبێ
نە پەنجەکانی منداڵێ
لە سەرمای ئەم ساڵ تەزیبێ
هەر رێک ئاوا
دێینەوە سەر شاشەکان و
بە کەسیش ناڵێین ماڵ ئاوا
هەر وەک ئەوەی
نە کەسایەتیمان شکابێو
نە لەشکرو
گیانی نیشتمانی بەزیبێ
هەر رێک ئاوا

**ئاوێنەیەک**
**سەرنجم دەخاتە سەر**
**رەگە سپیەکانی خەنافیزم و**
**ناچاری بژار کردن و**
**بڕینی چیمەنی**
**سمێڵە ماش و برنجیەکەم دەکا،**
**داوێک**

**بۆ کەڵە گیاکانی کوڵمەم دەنێمەوەو**
**ئەو کولوە بەفرانە دەتەکێنم**
**کە بەسەر کۆشمدا باریون،**
**ئاوێنەیەک**
**دێراوەکانی سیمام پیشان دەداو**
**ئاڵۆز بوونی چڵەکانی برۆم پێدەبڕێ،**
**ئەو ساڵانەم بیر دەخاتەوە**
**کەکەوتونە**
**نێو تۆڕی راوچیەکان و**
**نامدەنەوە.**

# بەدیار منەوە

بەدیار هاتنەوەی من
هەر بەدانیشتنەوە خەو دەتباتەوەو
هەندێ جاریش رادەچڵەکی
دوور نییە هەرگیز نەگەڕێمەوە
تۆش نەمبینیەوەو
شەوێکی تریش
چاوت لە وەریندابێ.
* * *
بەدیار هاتنەوەی من
بیر لە تەنیایی خۆت دەکەیەوە
لە ئایندەیەک
لەسەر سفرەکەت یەک پیاڵە چاو
یەک قاپ و کەوچک و

**تەپڵەکی جگەرەکەش بۆ هەمیشە هەڵگریەوە.**

*** * ***

**بەدیار هاتنەوەی من**
**ملت شل دەبێ و کەزیەکانت شۆڕ دەبنەوە**
**دەترسی.....**
**نیوەڕۆیان کەس لە دەرگا نەداو**
**ئێوارانیش دەرگا لە کەس نەکەیەوە**
**کارەباکەشت بکوذيَ◌تةوةو**
**تاریکی**
**تەنیایت پڕبکا لە ترس.**

*** * ***

**بەدیار هاتنەوەی من**
**سبەینەیەکی فێنک هەڵتدەستێنێ و**
**خامۆشیماڵەکەت**
**برینی تەنیایت دەکولێنێتەوە**
**لە ژووری نوستن**
**کەتەنیا بۆنم جێهێشتووە**
**دەنووی.**

*** * ***

**بەدیار هاتنەوەی من**

**رادەچڵەکی و**
**بەرامبەر وێنەی بوکێنیت کە هەردووکمانین**
**رادوەستی،**
**ماچێکی وشک**
**لە شووشەیەکی سارد دەکەی و**
**ترسی ئەوەت هەیە**
**هەرگیز ئامێزێکی گەرم**
**یان ماچێکی تەڕ**
**لە گەریلاکەت نەکەیەوە.**

*** * ***

**بەدیار هاتنەوەی من**
**گریان کۆڵت لێنادا**
**تەنیایی راتدەژێنێ.**

بەیەکەوە دەچینە مزگەوت
تۆ نوێژ بکە
منیش لەسەر تاتەکان جگەرەیەک دەکێشم
بەیەکەوە
خۆ بەمەیخانەیەکدا دەکەین
من دەخۆمەوە
تۆش سیواوکەکەت دەربێنە،
هەر بەیەکەوە دەچینە شەڕ
تۆ سێرە لە بێدینەکان و
منیش لە داعش ئاساکان دەگرم،
بەیەکەوە
دەست لە ناو دەست
خۆ بەمندالّیماندا دەکەین
تۆ ئەیرەقیب ئەزبەر دەکەی و
منیش قولهووەڵڵاهو ئەحەد
هەردووکمان
دەلەدە دەهێنین.

## چاپكراوەكانی نووسەر

1- چراكان ناكوژێنەوە..........شیعر

2- ناڵەی چیا پەنایەك بۆ تاشەكان...........كۆمەڵە چیرۆك

3- دڵۆپە.......تایبەت بە لاوان

4- سمەجاویدان.......كۆمەڵە چیرۆك

5- جن بۆ خۆیم دەبا.......رۆمان

6- هێلانەیەك لە پەشمەك